گۆڤاری قەڵای زانست

گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەرپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەرەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق

بەرگی(٦) – ژمارە(١)، زستانی ٢٠٢١

ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

# بارودۆخی تەندروستی لیوای هەولێر لەسەردەمی پاشایەتیدا (1921-1958)

**د. بورهان حاتەم عوسمان**

بەشی مێژوو، کۆلێژی ئاداب، زانکۆی سەلاحەدین، هەولێر، هەرێمی کوردستان، عێراق

Burhan.othman@su.edu.krd

**د. فتاح بهرام خضر**

بەشی مێژوو، کۆلێژی ئاداب، زانکۆی سەلاحەدین، هەولێر، هەرێمی کوردستان، عێراق

fatah.khdir@su.edu.krd

## زانیاریەکانی توێژینەوە

**بەرواری توێژینەوە:**

وەرگرتن:٢٠٢٠/١٢/٦

پەسەندکردن:٢٠٢١/١/١٢

بڵاو کردنەوە:زستانی ٢٠٢١

**ووشە سەرەکییەکان**

Erbil, health, sick, Doctors, hospital.

Doi:

10.25212/lfu.qzj.6.1.8

## پوختە

بارودۆخی تەندروستی هەر شار و ناوچەیەک لە قۆناغێکی دیاریکراوی مێژوویدا، دەکرێت بکرێتە پێوەرێک بۆ زانینی پێشکەوتن یا دواکەوتنی ئەو ناوچەیە. لیوای هەولێر لەماوەی پاشایەتیدا لە ڕەوشێکی تەندروستی خراپدا بووە. نەبوونی خزمەتگوزاری تەندروستی پێویست و بڵاوبوونەوەی چەندین نەخۆشی ترسناک یەکێک لە سیما دیارەکانی ئەو ماوەیە بووە.

لێکۆلینەوەکە شەن و کەوی چەند لایەنێکی گرنگیان کردووە کە پەیوەندی ڕاستەوخۆیان بە ڕەوشی تەندروستیەوە هەیە وەك دامەزراوە تەندروستییەکان ، پزیشک و کارمەندانی تەندروستی. نەخۆشیەباوەکان،ئەو هۆکارانەی کاریگەرییان هەبووە لەسەربڵاوبوونەوەی نەخۆشیەکان بارودۆخ و ژمارەی نەخۆشخانە و بنکە تەندروستی و دەرمانخانەکان بە بەراوردکردن لەگەڵ دامەزراوە تەندروستییەکانی لیواکانی دیکەی عێراق.

## پێشەکی:

توێژینەوە لەبارەی لایەنی کۆمەڵایەتی لیوای هەولێر، بایەخێکی تایبەتی هەیە، بەتایبەتی تا ئێستا زۆربەی ئەوەی لەبارەی مێژووی لیواکە نووسراوە دەچێتە چوارچێوەی مێژووی سیاسی و ئابووری و

ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

کەمتر ئاوڕ لە لایەنی کۆمەڵایەتی بەتایبەتیش تەندروستی دراوەتەوە. بۆیە بۆ ئاشنابوون بە لایەنی تەندروستی و ئەو نەخۆشی و پەتایانەی کە لە ماوەی پاشایەتیدا ڕووبەڕووی دانیشتوانی لیواکە بووەتەوە، هەروەها بەهۆی نەبوونی لێکۆڵینەوەیەکی تایبەت بە لیوای هەولێر، کە لایەنی تەندروستی گرتبێتە خۆ، ئەمە سەرباری ئارەزووی توێژەر بۆ بابەتەکە، ئەم لێکۆڵینەوەیە تەرخانکراوە بۆ شەن و کەوکردن و خستنەڕووی بارودۆخی تەندروستی لیوای هەولێر لەنێوان ساڵانی ١٩٢١-١٩٥٨.

ئاشکرایە توێژینەوە لەبارەی لایەنی کۆمەڵایەتی، بەتایبەتیش ڕەوشی تەندروستی بە بەراورد لەگەڵ لایەنەکانی دیکەی وەک سیاسی و ڕۆشنبیری، زەحمەتییەکی زیاتری تێدایە و توێژەر ڕووبەڕووی کۆمەڵێک گرفت و ئاستەنگ دەبێتەوە، بۆیە ئەم لێکۆڵینەوەیەش لەم حاڵەتە بەدەر نەبووە. بەتایبەتی نەبوونی سەرچاوە و داتای ورد و پێویست لەبارەی جۆری نەخۆشییەکان و ژمارەی نەخۆش و نەخۆشخانەکان. بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا لەڕێگەی بەدەستخستنی کۆمەڵێک سەرچاوە و ئامارەوە توانراوە ئەم کەلێنە پڕ بکرێتەوە.

ئەم لێکۆڵینەوەیە لە دوو تەوەرە پێکهاتووە، لە تەوەرەی یەکەمدا بارودۆخی دامەزراوە تەندروستییەکان وەک نەخۆشخانە و بنکە تەندروستییەکان و پزیشک و کارمەندانی تەندروستی خراوەتە بەرباس و چەندین داتا و ئامار لەبارەیانەوە خراوەتەڕوو. هەرچی تەوەرەی دووەم ، تەرخانکراوە بۆ باسکردن لەبارەی ئەو نەخۆشییانەی کە لەماوەی لێکۆڵینەوەکەدا لە لیوای هەولێردا بڵاوبوونەتەوە. لە سەرەتاشدا ئاماژە بە گرنگترین ئەو هۆکارانە دراوە، کە ڕێگەخۆشکەربوون بۆ بڵاوبوونەوەی نەخۆشی، پاشان بە پشت بەستن بە ئامارە فەرمییەکان جۆری ئەو نەخۆشییانە دیاری کراوە و ژمارەی تووشبووان خراوەتەڕوو، بۆ زیاتر ڕوونکردنەوە و تێگەیشتن لە بارودۆخەکە، لە زۆربەی حاڵەتەکانیشدا پەنا بۆ بەراوردکاری لەنێوان لیوای هولێر و لیواکانی دیکەی عێراق بردراوە، هاوکات لە خستنەرووی ئامارەکان بەراوردی دوو قۆناغی جیاوازمان کردووە زۆرجار ئاماری سالانی سیەکان و پەنجاکانمان لەگەڵ یەکتر بەراوردکردووە .

گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەڕپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەرەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق
بەرگی(٦) – ژمارە(١)، زستانی ٢٠٢١
ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

پشت بە چەندین سەرچاوەی جیاواز لەم لێکۆڵینەوەیەدا بەستراوە. لەپێش هەمووشیانەوە ئامارە فەرمییەکانی حکومەتی عێراق، بەتایبەتی ئامارەکانی: (المجموعة الاحصائية السنوية١٩٢٩-١٩٣٠-١٩٣٥/١٩٣٦ المالية)، (المجموعة الاحصائية السنوية العامة ١٩٥٣)، (المجموعة الاحصائية السنوية العام ١٩٥٨)، کە زانیاری و داتای گرنگیان لەبارەی ژمارەی نەخۆشخانە و نەخۆشەکانەوە تێدایە. لە کتێبەکانیش سوودێکی زۆر لە کتێبی (الاوضاع الصحية في العراق ١٩٤٥-١٩٥٨)ی (د. حيدر حميد رشيد) وەرگیراوە، کە تیایدا لە چەندین شوێن باسی لیوای هەولێر کراوە. ڕۆژنامە و گۆڤارەکانیش لە چەندین شوێنی لێکۆڵینەوەکەدا بەکارهاتوون، بەتایبەتی چەند ژمارەیەکی گۆڤاری (هەتاو)، کە لە ماوەی لێکۆڵینەوەدا دەرچوون و زانیاری تەندروستییان لەبارەی لیواکە تێدایە.

**تەوەرەی یەکەم/ دامەزراوە تەندروستییەکان و پزیشک و کارمەندانی تەندروستی:**

ڕەوشی تەندروستی هەر شار و ناوچەیەک بەڕادەیەکی زۆر بەستراوەتەوە بەو خزمەتگوزارییە تەندروستییانەی کە فەراهەمن. بۆیە کەموکورتی و بایەخنەدان بە دامەزراوە تەندروستییەکان وەک نەخۆشخانە و بنکە تەندروستییەکان، کاریگەرییەکی خراپی لەسەر تێکچوونی بارودۆخی تەندروستی هەیە. لەم سۆنگەیەوە لیوای هەولێر لەماوەی نێوان ساڵانی ١٩٢١-١٩٥٨ بەدەست کەمی دامەزراوە تەندروستییەکانەوە ناڵاندوویەتی، کە لەلایەن حکومەتی پاشایەتییەوە بایەخی پێویست بەو بوارە نەدراوە. وەک لە دواتردا لە ئامارەکاندا بەدەردەکەوێت، کە بە بەراورد لەگەڵ زۆرێک لە لیواکانی دیکەی عێراق، لیوای هەولێر ژمارەیەکی کەمی نەخۆشخانە و بنکەی تەندروستی و پزیشک و کارمەندی تەندروستی تێدا بووە. ئەمە لە کاتێکدا دانیشتوانی لیواکە بەدەست چەندین نەخۆشی جیاجیاوە ناڵاندوویانە و بەهۆیەوە مردوون.

**أ-نەخۆشخانە و بنکە تەندروستی و دەرمانخانەکان:**

بەگوێرەی سەرچاوەکان لە کۆتاییەکانی سەردەمی حوکمڕانی دەوڵەتی عوسمانی لەدوای ساڵی ١٩٠٨ نەخۆشخانەیەکی بچووک لە هەولێر لەلایەن شارەوانی هەولێرەوە لە سەردەمی سەرۆکایەتی (عەلی پاشا مەحمود ئاغا ١٩٠٧-١٩١٣) بنیاتنراوە، کە شوێنەکەی کەوتبووە تەنیشت فەرمانگەی شارەوانی. نەخۆشخانەکە سادە بووە و لە سەرەتادا هیچ پزیشکێکی شارەزای تێدا دانەمەزراوە. دواتر لە موسڵەوە پزیشکێک بەناوی (عەبدولئەحەد عەبدولنور) بۆ نەخۆشخانەکە هاتووە (قادر، ٢٠١٣، ل٣٨٨؛ چاوشلی، ١٩٨٧، ل١٤؛ چیچۆ و قادر، ١٩٨٥، ل١١؛ چەخماخچی، ١٩٩٩، ل٣٥).لە سەردەمی داگیرکاری بریتانییەکانیش نەخۆشخانەکە چاکسازی تێدا کراوە و فراوانتر کراوە، لە ساڵی ١٩٢٠ پزیشکێکی سەربازی بەناوی (نەقیب ویلیمیس) هاتووەتە هەولێر و لە نەخۆشخانەکە کاری کردووە (هەی، ٢٠١٠، ل٣٥٥).لەسەردەمی پاشایەتیشدا بەردی بناغەی یەکەمین نەخۆشخانە بەناوی (نەخۆشخانەی ئەمیر غازی) لە شاری هەولێر لەسەر ڕێگای هەولێر-موسڵ لە ساڵی ١٩٢٤ لەکاتی سەردانی مەلیک فەیسەڵی یەکەم بۆ شارەکە دانراوە و لە ساڵی ١٩٢٩ نەخۆشخانەکە تەواو بووە و دەرگای بۆ نەخۆشەکان کردووەتەوە (قادر، ٢٠١٣، ل٣٨٩؛ الرباتی، ٢٠٠٤، ێ٩٨).لە ساڵی ١٩٣٢ فەرمانگەی (بەڕێوەبەرایەتی تەندروستی هەولێر) دامەزرا، کە بایەخی بە لایەنی تەندروستی لیواکە داوە. پزیشکێکی موسڵ بەناوی (د. سەلیم خەیات موسڵی) بووەتە یەکەمین بەڕێوەبەر و بۆ ماوەی دوو ساڵ لە کارکردن بەردەوام بووە. دواتر چەندین پزیشک پۆستی بەڕێوەبەریان وەرگرتووە، کە زۆربەی هەرە زۆریان خەڵکی موسڵ بوون، بەم شێوەیە: (د. بەشیر سەرسەم موسڵی ١٩٣٥-١٩٣٧)، (د. ڕەشید زەکەریا موسڵی ١٩٣٧-١٩٣٩)، (سەلیم نوحاس موسڵی ١٩٣٩-١٩٤٠)، (د. ڕەفیق تاهیر چەلەبی کۆیی ١٩٤٠-١٩٥٤)، (د. مەردان عەلی کەرکوکلی ١٩٥٤-١٩٥٥)، (د. سالم خەسرۆ موسڵی ١٩٥٦-١٩٦١) (یارالی، ٢٠٠٨، ص٤١).بەم شێوەیەش لە ماوەی (٢٦) ساڵدا (٧) پزیشک پۆستی بەڕێوەبەری تەندروستی هەولێریان وەرگرتووە، کە زۆرترین ماوەش (١٤) ساڵ لەلایەن (د. ڕەفیق تاهیر چەلەبی) بەڕێوەبردراوە. دوای دامەزراندنی بەڕێوەبەرایەتی تەندروستی هەولێر بایەخی

زیاتر بە دروستکردنی نەخۆشخانە و بنکەی تەندروستی درا. لە ساڵی ١٩٤٣ جگە لە نەخۆشخانەکە (٢٠) بنکەی تەندروستی لە لیواکەدا هەبوون، کە (٦)یان بنکەی تەندروستی پلە یەک و (٢)یان بنکەی تەندروستی پلە دوو و (١٢)یان بنکەی تەندروستی پلە سێ بوون. ئەمە لە کاتێکدا لە لیواکانی دیکە بۆ نموونە لە لیوای کەرکوک (٣) نەخۆشخانە و (٣١) بنکەی تەندروستی و لە لیوای سلێمانی (٢) نەخۆشخانە و (١٥) بنکەی تەندروستی هەبووە (کاکەسور، ٢٠٠٧، ل١٣٢).بەمەش بە بەراورد لەگەڵ ئەو لیوایانە هەولێر نەخۆشخانەی کەمتری هەبووە، بەڵام لە بەرامبەردا ژمارەی بنکە تەندروستییەکانی لە سلێمانی زیاتر بووە .

بەگوێرەی ئامارە فەرمی و سەرچاوەکان لە ساڵی ١٩٥٢ ژمارەی نەخۆشخانەکان لە لیوای هەولێردا زیادی کردووە بۆ (٦) نەخۆشخانە، کە ئەمانە بوون: (نەخۆشخانەی ئەمیر غازی، نەخۆشخانەی نەخۆشییەکانی سینگ لە هەولێر، نەخۆشخانەی تا لە هەولێر، نەخۆشخانەی کۆیسنجاق لە قەزای کۆیە، نەخۆشخانەی ڕەواندز لە قەزای ڕەواندز، نەخۆشخانەی ڕانیە لە قەزای ڕانیە)، کە ئەمەی دواییان پاش لکاندنی قەزاکە بە لیوای سلێمانییەوە لە ساڵی ١٩٥٧ نەخۆشخانەکەش خرایە سەر سەرۆکایەتی تەندروستی سلێمانی (الجمهورية العراقية، ١٩٥٤، ص٢٣١؛ دفتر و حسن، ١٩٥٨، ص٥٣٥-٥٣٦؛ محەمەد، ١٩٩٩، ل٦).ئەگەر ژمارەی نەخۆشخانەکانی لیوای هەولێر لەگەڵ لیواکانی دیکەی عێراق بەراورد بکەین دەردەکەوێت لەو ساڵەدا بارودۆخی لیواکە تاڕادەیەک لە هەندێک لیوای دیکە باشتر بووە، هەم لەڕووی ژمارەی نەخۆشخانە و هەم لەڕووی ژمارەی دانیشتوان بۆ هەر نەخۆشخانەیەک، وەک لەم خشتەیەی خوارەوە دەردەکەوێت .

خشتەی ژمارە (1)

نەخۆشخانەکانی لیوای هەولێر بەبەراورد لەگەڵ چەند لیوایەکی دیکەی عێراق لەئاماری ساڵی 1954

(الجمهورية العراقية، ١٩٥٤، ص٤٠ ، ٢٣١).

| لیوا | ژمارەی نەخۆشخانە | ژمارەی دانیشتوان بۆ هە رنەخۆشخانەیەك |
|---|---|---|
| هەولێر | ٦ | ٣٩٩٦٢ |

گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەڕپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەرەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق
بەرگی(٦) – ژمارە(١)، زستانی ٢٠٢١
ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

| | | |
|---|---|---|
| موسڵ | ٥ | ١١٩٠٣٨ |
| عەممارە | ٦ | ٥١١٧٠ |
| دیالە | ٣ | ٩٠٨٠٤ |
| دلێم | ٥ | ٣٨٥٩٦ |
| حیللە | ٥ | ٥٢٢٤١ |
| کەربەلا | ٤ | ٦٨٥٦٦ |
| کەرکوک | ٥ | ٥٧٢٠١ |
| کوت | ٤ | ٥٦٢٣٤ |
| سلێمانی | ٤ | ٥٦٦٠٠ |

سەبارەت بە بنکە تەندروستییەکان لە لیواکەدا، لە هەمان ساڵدا (١٩٥٢) ژمارەیان (٢٨) بنکە بووە، کە (٤) بنکە کەوتبوونە ناو شاری هەولێر (بنکەی تەندروستی نەخۆشییەکانی سینگ، بنکەی تەندروستی هەولێر، بنکەی تەندروستی قەڵات، بنکەی تەندروستی قوتابیان)، (٢٤) بنکەش بەسەر گوند و ناحیە و قەزاکان بەم شێوەیە دابەش بووبوون :

١-بنکەی تەندروستی شەقڵاوە. ٢- بنکەی تەندروستی مەخمور. ٣- بنکەی تەندروستی زێبار. ٤- بنکەی تەندروستی گوندی ئەرگوش ٥- بنکەی تەندروستی هەریر. ٦- بنکەی تەندروستی دیانا. ٧- بنکەی تەندروستی گوندی ڕایات. ٨- بنکەی تەندروستی گوێڕ. ٩- بنکەی تەندروستی کەندێناوە. ١٠- بنکەی تەندروستی برادۆست لە ناحیەی سیدەکان. ١١- بنکەی تەندروستی گوندی عەوێنە. ١٢- بنکەی تەندروستی عەنکاوە. ١٣- بنکەی تەندروستی گەڵاڵە ناوەندی ناحیەی باڵەک. ١٤- بنکەی تەندروستی گوندی سەنگەسەر ناوەندی ناحیەی ناودەشت. ١٥- بنکەی تەندروستی چناران لە گوندی میرزا ڕۆستەم. ١٦- بنکەی تەندروستی گوندی هەرتەل. ١٧- بنکەی تەندروستی مەسیف سەڵاحەدین. ١٨- بنکەی تەندروستی گوندی ڕۆست. ١٩- بنکەی تەندروستی گوندی قورشاغڵو. ٢٠- بنکەی تەندروستی مێرگەسۆر. ٢١- بنکەی تەندروستی خۆشناو لە ناحیەی هیران. ٢٢- بنکەی تەندروستی ناحیەی شێروان مەزن. ٢٣- بنکەی تەندروستی گوندی سیساوە. ٢٤- بنکەی تەندروستی تەقتەق. جێگەی ئاماژەیە

هەردوو بنکەی تەندروستی (گوندی سەنگەسەر و چناران) دوای لکاندنی قەزای ڕانیە بە لیوای سلێمانی، خرانە سەر بەڕێوەبەرایەتی تەندروستی سلێمانی (دفتر و حسن، ١٩٥٨، ص٥٣٦).جگە لەمانە لیوای هەولێر (بنکەی تەندروستی گەڕۆک)یشی تێدابووە. لە ساڵی ١٩٥٧ لە سەرتاسەری عێراقدا (٣٥) بنکەی تەندروستی گەڕۆک هەبووە، کە تەنیا (٢) بنکە لەوانە لە لیوای هەولێر بوون (رشيد، ٢٠١٠، ل١٥١).
بەگوێرەی ئامارە فەرمییەکان ساڵانە بە دەیان هەزار نەخۆش لە نەخۆشخانەکانی لیوای هەولێر چارەسەریان وەرگرتووە. بۆ نموونە لە ساڵی ١٩٥٢ ژمارەی ئەو نەخۆشانەی کە سەردانی نەخۆشخانەکانیان کردووە لەم خشتیەیە روونکراوەتەوە :

خشتەی ژمارە ( 2)

ژمارەی نەخۆش کە سەردانی نەخۆشخانەکانی لیوای هەولێریان کردووە بە بەراورد لەگەڵ چەند لیوایەکی دیکەی عێراق(الجمهورية العراقية، ١٩٥٤، ص٢٤٩).

| ليوا | هەولێر | سلێمانی | کەربەلا | کەرکوك | ديوانيە |
|---|---|---|---|---|---|
| ژمارەی نەخۆش | ٢٠٠٦٤٢ | ٢٤٩٣٨٧ | ٥٨١٨٩٤ | ٣٠٤٤٢٥ | ٥٧٥٤٥٦ |

جێگای باسە لەو ڕێژەیەی ئاماژەی پێکراوە (١٩٩٦١٠) نەخۆشی دەرەوەی هەولێر و (١٠٣٢) ی نەخۆشی ناوەوەی هەولێر سەردانی نەخۆشخانەکانیان کردووە ، هەروەها لە سەرتاسەری عێراقیشدا (٦٧١١٦٠٨) نەخۆش لە نەخۆشخانەکاندا چارەسەرکراون. واتە ڕێژەی چارەسەرکردنی نەخۆش لە نەخۆشخانەکانی لیوای هەولێر لەکۆی گشتی ژمارەی نەخۆشە چارەسەرکراوەکانی عێراق ( 0,0,29%) بووە (الجمهورية العراقية، ١٩٥٤، ص٢٤٩).بەمەش دەردەکەوێت ژمارەی نەخۆشە چارەسەرکراوەکانی لیوای هەولێر بە بەراورد لەگەڵ بەشێک لە لیواکانی دیکە کەمتر بووە، هۆیەکەشی زێتر بۆ کەمتر بڵاوبوونەوەی نەخۆشی لە لیواکە لەو ساڵەدا دەگەڕێتەوە.
دوای تێپەڕبوونی (٦) ساڵ (١٩٥٢-١٩٥٨) ژمارەی نەخۆشخانەکانی لیوا هەولێر زیادی نەکردووە، بەڵکو بە پێچەوانەوە نەخۆشخانەیەک کەمی کردووە و بووەتە (٥) نەخۆشخانە. ئەمەش دوای ئەوەی لە

گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەڕپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەرەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق
بەرگی(٦) – ژمارە(١)، زستانی ٢٠٢١
ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

ساڵی ١٩٥٧ قەزای ڕانیە خرایە سەر لیوای سلێمانی نەخۆشخانەی قەزاکەش خرایە سەر بەڕێوەبەرایەتی تەندروستی سلێمانی. ئەمە لە کاتێکدا ژمارەی دانیشتوانی لیوای هەولێر زیاتر بووە و پێویستی بە نەخۆشخانەی زێتر هەبووە. بۆ نموونە لە ساڵی ١٩٥٢ ژمارەی دانیشتوانی لیواکە (٢٣٩٧٧٦) کەس بووە (الجمهورية العراقية، ١٩٥٤، ص٤٢)، بەڵام لە ساڵی ١٩٥٨ ژمارەکە زیادی کردووە بۆ (٢٧٢٥٢٦) کەس (الجمهورية العراقية، ١٩٥٩، ص١٥).بەمەش لەو ماوەیەدا (٣٢٧٥٠) کەس ژمارەی دانیشتوان زیادی کردووە، بۆیە بەلانی کەمەوە دەبوو دوو نەخۆشخانەی دیکە لە لیواکەدا دروست بکرێت، نەک لێی کەمبکرێتەوە. هەر لەو ساڵەدا (١٩٥٨) نەخۆشخانەکانی لیوای هەولێر (١٥٠) قەرەوێڵەی خەواندنی نەخۆشی تێدابووە. ئەگەر ئەو ژمارەیە لەگەڵ ژمارەی قەرەوێڵەکانی نەخۆشخانەکانی لیواکانی دیکەی عێراق بەراورد بکەین، دەردەکەوێت کە نەخۆشخانەکانی لیوای هەولێر کەمترین ژمارەی قەرەوێڵەی تێدا بووە. وەک لەم خشتەیەی خوارەوەدا دەردەکەوێت :

خشتەی ژمارە (3)

نەخۆشخانەکانی لیوای هەولێر چەند لیوایەکی دیکەی عێراق لەئاماری ساڵی 1958(الجمهورية العراقية، ١٩٥٩، ص٣٢٩):

| لیوا | ژمارەی نەخۆشخانە | ژمارەی قە رەوێلە |
|---|---|---|
| هەولێر | ٥ | ١٥٠ |
| بەغدا | ١١ | ٣٨٣٩ |
| بەسرە | ٩ | ٧١٩ |
| موسڵ | ٨ | ٨٦٤ |
| عەممارە | ٦ | ٦٥٦ |
| دیوانیە | ٥ | ٢٢٤ |
| دیالە | ٦ | ١٦٢ |
| ڕەمادی | ٦ | ٢٢٨ |
| حیللە | ٦ | ٤٦٣ |
| کەربەلا | ٥ | ٥٩٣ |

| | | |
|---|---|---|
| کەرکوک | ٦ | ٤١٦ |
| کوت | ٥ | ٢٨٢ |
| ناسریە | ٨ | ٣٢٩ |
| سلێمانی | ٧ | ٣١١ |

ئەگەر سەرنج بدەینە خشتەکە لیوای هەولێر جگە لە لە لیواکانی (دیوانیە و کەربەلا و کوت)، لە سەرجەم لیوکانی دیکەی عێراق ژمارەی نەخۆشخانەی کەمتر بووە. هەروەها ژمارەی قەرەوێڵەی نەخۆشخانەکانی لە سەرجەم لیواکان کەمتر بووە. ئەمە لە کاتێکدا ژمارەی دانیشتوانی لە بەشێک لەو لیوایانە زیاتریش بووە. بۆ نموونە ژمارەی دانیشتوانی لیوای ڕەمادی (٢٣٤٤٦٢) کەس و ژمارەی دانیشتوانی لیوای کەربەلا (٢١٧٠١٥) کەس بووە (الجمهورية العراقية، ١٩٥٩، ص١٢).وەک لە پێشتردا ئاماژەی پێکرا ژمارەی دانیشتوانی لیوای هەولێریش (٢٧٢٥٢٦) کەس بووە، بەمەش ژمارەی دانیشتوانی هەولێر لە ژمارەی دانیشتوانی هەردوو لیواکەی دیکە زیاتر بووە.

ئەوەی جێگەی سەرنجە لە تەواوی ماوەی پاشایەتیدا هیچ نەخۆشخانەیەکی ئەهلی لە لیوای هەولێردا نەبووە، ئەمە لە کاتێکدا لە لیواکانی دیکەی وەک بەغدا (١١ نەخۆشخانە) و هەریەک لە لیوای بەسرە و سلێمانی (٢ نەخۆشخانە) و بۆ هەریەک لە لیواکانی موسڵ و کەرکوک و ڕەمادی (١ نەخۆشخانە)ی ئەهلی هەبووە (الجمهورية العراقية، ١٩٥٩، ص٣٢٩؛ کاکەسور، ٢٠٠٧، ل١٣٥).بنکە تەندروستییەکانیش بە بەراورد لەگەڵ ساڵی ١٩٥٢ تەنیا دوو بنکەی تەندروستی لە ساڵی ١٩٥٨ لە لیوای هەولێردا زیادی کردووە، بەشێوەیەک لە (٢٨) بنکەوە بووەتە (٣٠) بنکەی تەندروستی (الجمهورية العراقية، ١٩٥٩، ص٣٢٩-٣٣٠).ئەوەی جێگەی لەسەر وەستانە زۆربەی نەخۆشخانە و بنکە تەندروستییەکانی لیوای هەولێر و ناوچە کوردییەکان بەگشتی لەڕووی خزمەتگوزاری و جۆری چارەسەرکردن بەپێی پێویست نە بووە (شکر، ٢٠٠٥، ل١١٧).ئەمەش دەرخەری ئەوەیە کە حکومەت لەڕووی خزمەتگوزاری تەندروستییەوە بایەخی پێویستی بە ناوچە کوردییەکان نەداوە و فەرامۆشی کردوون.

ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

سەبارەت بە دەرمانخانەکانی لیوای هەولێر، بەگوێرەی سەرچاوەکان لە ساڵی ١٩٢٨ یەکەمین دەرمانخانە بەناوی دەرمانخانەی (شیمال) لە کۆتایی شەقامی باتا بەرامبەر قەڵات لەنێو شاری هەولێردا کراوەتەوە، کە خاوەنەکەی کەسێکی مەسیحی بەناوی (پۆڵس جۆرج) بوو، کە نێوبراو دەرچووی پەیمانگای دەرمانسازی سەر بە (کۆلێژی پزیشکی پاشایەتی) لە بەغدا بوو. شیاوی ئاماژەپێدانە لەو کاتانەدا زۆرێک لە نەخۆشەکان نەیانتوانیوە بەشێوەی نەختی پارەی دەرمانەکان بدەن، بۆیە دەرمانخانەکە بەشێوەی قەرز دەرمانی پێداون، لەدوای وەرگرتنی مووچە یا پاش دروێنەکردن پارەکەیان داوە، بێگومان ئەمەش بەڵگەی گیانی هاوکاری و متمانەی نێوان خەڵکی لیواکە بووە (جامباز و بەرزنجی، ٢٠٠٦، ل١٥؛ قادر، ٢٠١٣، ل٣٨٩؛ یارالی، ٢٠٠٨، ص٤٢).لە ساڵی ١٩٥٢ ژمارەی دەرمانخانە ئەهلییەکانی لیوای هەولێر بووەتە (٢) دەرمانخانە (الجمهورية العراقية، ١٩٥٩، ص٢٣١).لە ساڵی ١٩٥٦ ژمارەکە بووەتە (٣) دەرمانخانە، ئەمە لەگەڵ (٢٣) دەرمانخانەی بنکە تەندروستییەکان و (٦) دەرمانخانەی نەخۆشخانەکان (الجمهورية العراقية، ١٩٥٨، ص٣٢٤)

**ب -پزیشک و کارمەندانی تەندروستی:**

لە سەردەمی کۆتاییەکانی دەسەڵاتی عوسمانی یەکەمین پزیشک بەناوی (نەجمەدین ئەفەندی)، کە سەر بە شارەوانی هەولێر بووە، لە ساڵی ١٩٠٢ لە شارەکەدا کاری کردووە (عەبدولقادر، ٢٠١٢، ل٦٦).دواتر پزیشکێک بەناوی (عەبدولئەحەد عەبدولنور) لە شاری موسڵەوە هاتووەتە شاری هەولێر و چارەسەری نەخۆشەکانی شارەکەی کردووە (قادر، ٢٠١٣، ل٣٨٨).لە سەرەتای بیستەکاندا چەند پزیشکێکی بیانی لەنێو شاری هەولێر کاریان کردووە و چارەسەری نەخۆشەکانی شارەکەیان کردووە. لەوانەش پزیشکی بریتانی (ولیام سۆن) کە لەنێوان ساڵی ١٩٢٠-١٩٢٢ کاری کردووە، پزیشکێکی هیندیش بەناوی (محەمەد خان) لەگەڵیدا بووە و هاوکاری کردووە. هەروەها پزیشکێکی دیکەی لێ بووە بەناوی (دیمتریکی) کە خەڵکی یۆنان بووە (یارالی، ٢٠٠٨، ص٤٠).جگە لەمانە لە ساڵی ١٩٢٠ (کاپتن ویلیمیس) کە پزیشکێکی سەربازی بریتانی بوو هاتووەتە هەولێر و چارەسەری نەخۆشەکانی کردووە (هەی، ٢٠١٠، ل٣٥٥).دواتر

پزیشکێکی مەسیحی بەناوی (د. سەلیم خەیات) لە موسڵەوە هاتووەتە هەولێر، کە لە ساڵی ١٩٣٢ بووەتە بەڕێوبەری تەندروستی هەولێر (الرباتی، ٢٠٠٤، ص٩٦-٩٧، ١٠٢).لە ماوەی سییەکان و چلەکان و پەنجاکاندا چەندین پزیشکی موسڵ لەنێو شاری هەولێردا کاریان کردووە و پۆستی بەڕێوەبەری تەندروستی هەولێریان وەرگرتووە، وەک لە پێشتردا ئاماژەی بۆ کرا .

دوای ئەوەی کۆلێژی شاهانەی پزیشکی لە بەغدا لە ساڵی ١٩٢٧ کرایەوە، لە ساڵی خوێندنی ١٩٢٧-١٩٢٨ تەنیا (٢٠) قوتابی لە کۆلێژەکە وەرگیران (الهلالی، ٢٠١٨، ص٢١٩-٢٢٠).لە ساڵەکانی دواتردا قوتابیانی هەولێر هەوڵیاندا لە کۆلێژەکە وەربگیرێن. بۆ ئەو مەبەستە لەنێوان ساڵانی ١٩٤٠-١٩٤٣ ژمارەیەک قوتابی لە هەولێر بەمەبەستی وەرگرتن داواکاری خۆیان پێشکەشی کۆڵیژەکە کرد، بەڵام بەهۆی قورسی تاقیکردنەوەکان و زمانی ئینگلیزی لە قۆناغی یەکەمدا شکستیان هێنا، بۆیە وازیان لە کۆلێژەکە هێنا. بەڵام دواتر لە ساڵی ١٩٤٨ ژمارەیەکی دیکەی قوتابی هەولێر لە کۆلێژەکە وەرگیران و توانیان ئەنجامی باش بەدەستبهێنن، بۆیە لە ماوەی پەنجاکاندا کۆلێژەکەیان تەواو کرد و بوونە پزیشک هەر لەو ماوەیەدا چەند قوتابییەکی دیکەی هەولێر لە وڵاتانی دراوسێ کۆلێژی پزیشکیان تەواو کرد. بۆیە ئەمانە دواتر بوونە پزیشکی ناوداری لیواکە.( (الرباتی، ٢٠٠٤، ص٨) .

بەگوێرەی ئەو ئامارە فەرمییانەی کە لەبەردەستدان لە ساڵی ١٩٥٢ ژمارەی پزیشکانی لیوای هەولێر (١٣) پزیشک بووە، کە (٤) لەو پزیشکانە بێگانە بوون و خەڵکی دەرەوەی عێراق بوون، (٢) پزیشکیش پزیشکی تایبەتی سوپا بوون. ئەمە لە کاتێکدا کۆی گشتی پزیشکانی عێراق (٧٥٩) پزیشک بووە (الجمهورية العراقية، ١٩٥٤، ص٢٢٩).واتە پزیشکانی لیوای هەولێر ڕێژەی( ١,٧% )ی پزیشکانی عێراقی پێکهێناوە. ئەم ژمارەیە لە ساڵی ١٩٥٨ دەگاتە (٢١) پزیشک لەکۆی (١١٩٢) پزیشک لە عێراقدا (الجمهورية العراقية، ١٩٥٩، ص ٣٣١).ئەمەش بە مانای ئەوە دێت ڕێژەی پزیشکانی هەولێر بەبەراود لەگەڵ کۆی گشتی پزیشکانی عێراق هیچ گۆڕانکارییەکی بەخۆوە نەبینیوە و وەکو خۆی ماوەتەوە کە ئەویش ١,٧% بووە، هەروەها ئەگەر بەگوێرەی ئاماری دانیشتوانی ساڵی ١٩٥٧ ژمارەی دانیشتوانی لیواکە

گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەڕپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەرەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق
بەرگی(٦) – ژمارە(١)، زستانی ٢٠٢١
ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

(٢٧٢٥٢٦) دابەشی سەر پزیشکەکان بکەین، بۆ هەر پزیشکێک نزیکەی (١٣٠٠٠) کەس هەبووە، ئەمە لە کاتێکدا لە لیوای بەغدا نزیکەی (٢٠٠٠) و لە لیوای کەرکوک نزیکەی (٧٠٠٠) و لە لیوای حیللە نزیکەی (٩٠٠٠) کەس بۆ هەر پزیشکێک هەبووە (الجمهورية العراقية، ١٩٥٩، ص ١٢)هەڵبەتە ئەمەش نادادپەروەرییێکی ڕوون و ئاشکرا و کەمتەرخەمی حکومەت نیشان دەدات لە دابینکردنی پزیشک بۆ لیواکان و زێتر بایەخ بە لیوا گەورەکان دراوە، لیواکانی دیکەش وەک هەولێر پشتگوێخراوە. جگە لەمەش پزیشکەکان زێتر حەزیان کردووە لە شارە گەورە و پێشکەوتووەکاندا کاربکەن، نەک شارە دووردەست و دواکەوتووەکان لەڕووی خزمەتگوزارییەوە، ئەمەش وایکردووە ژمارەی پزیشکی ئەم شارانەی دواییان کەم بێتەوە (کاکەسور، ٢٠٠٧، ل١٣٢؛ رشید، ٢٠١٠، ص ١٥٤-١٥٥).

بۆ زیاتر ئاشنابوون بە ژیان و ڕۆڵی پزیشکانی هەولێر لە خوارەوە بە پوختی باسی گرنگترین ئەو پزیشکانە دەکەین، کە لە ماوەی لێکۆڵینەوەکە لە لیوای هەولێردا دەرکەوتوون و خزمەتیان کردووە:

١-دکتۆر (سەبری محەمەد محێدین قەبانی)، لە ساڵی ١٩٠٨ لە شاری دیمەشق لەدایک بووە، لە ساڵی ١٩٣١ کۆلێژی پزیشکی لە زانکۆی دیمەشق تەواو کردووە. دوای دەرچوونی لە زانکۆ بۆ ماوەی (٩) ساڵ وەک پزیشک لەنێو سوپای عێراق لە شاری هەولێر خزمەتی کردووە. لە ساڵی ١٩٧٣ کۆچی دوایی کردووە (الرباتی، ٢٠٠٤، ص٨).

٢ -دکتۆر (ڕەشید زەکەریا)، لە ساڵی ١٩١٨ لە شاری موسڵ لەدایک بووە. لە ساڵی ١٩٢٨ لە کۆلێژی پزیشکی زانکۆی (ئەدنبەرە) لە سکۆتلەندە وەرگیراوە، لە ساڵی ١٩٣٣ زانکۆی تەواو کردووە. پاشان گەڕاوەتەوە بۆ عێراق و لە سەرەتادا لە لیواکانی بەغدا و موسڵ و دلێم کاری کردووە، پاشان لەنێوان ساڵانی ١٩٣٧-١٩٣٩ بووەتە بەڕێوەبەری تەندروستی هەولێر. لە ساڵی ١٩٥٢ وەک جێگری سەرۆکی سەندیکای پزیشکانی عێراق هەڵبژێردراوە. گرنگترین کاری بریتی بووە لە بەرزکردنەوەی ئاستی تەندروستی و هەوڵدان بۆ لەناوبردنی نەخۆشییە بڵاوەکانی هەولێر (الرباتی، ٢٠٠٤، ص٩-١٠؛ مستەفا، 2009، ل 2756).

ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

٣ -دکتۆر (عوسمان ئەحمەد تەها ئاغا ئال عەزیز عوزێری)، لە ساڵی ١٩١٤ لە شاری هەولێر لەدایک بووە. لە ساڵی ١٩٣٨ کۆلێژی شاهانەی پزیشکی تەواو کردووە. یەکێک بووە لە یەکەمین ئەو پزیشکانەی هەولێر، کە دەرچووی کۆلێژی شاهانەی پزیشکییە. لە چەندین نەخۆشخانە و بنکەی تەندروستی خزمەتی کردووە، لەوانەش: شەقڵاوە و نەخۆشخانەکانی هەولێر و موسڵ و کەرکوک و سلێمانی. لەنێوان ساڵانی ١٩٤١-١٩٤٣ دا لەسەر دەستی پرۆفیسۆر (کروکشن) لە نەخۆشخانەی موسڵ مەشقی لەسەر نەشتەرگەی کردووە. لەنێوان ساڵانی ١٩٥١-١٩٥٤ بووەتە بەڕێوەبەری فەرمانگەی تەندروستی لیوای کەرکوک و لەنێوان ساڵانی ١٩٥٤-١٩٥٧ بەڕێوەبەری فەرمانگەی تەندروستی لیوای موسڵ بووە (الرباتی، ٢٠٠٤، ص١١-١٢).

٤ -دکتۆر (هاشم شەریف دۆغرەمەچی)، لە ساڵی ١٩١١ لە شاری هەولێر لەدایک بووە. لە ساڵی ١٩٣٨ کۆلێژی شاهانەی پزیشکی تەواو کردووە و وەک پزیشک لە قەزای مەندەلی و هەڵەبجە دامەزراوە. لە ساڵی ١٩٤٠ چووەتە ناو سوپای عێراق و پلەی مولازمی دووەمی پێدراوە. لە ساڵی ١٩٤٢ بڕوانامەی پسپۆڕی لە نەخۆشییە بڵاوەکان پێدراوە. دواتر بووەتە پزیشک لە هەڵەبجە و پاشان بووەتە بەڕێوەبەری تەندروستی سلێمانی. لە ساڵی ١٩٥٣ پسپۆڕی لە نەشتەرگەری گشتی وەرگرتووە (الرباتی، ٢٠٠٤، ص١٣) .

٥ -دکتۆر (ڕەفیق تاهیر عەبدوڵلا چەلەبی)، لە ساڵی ١٩١٦ لە کۆیە لەدایک بووە. لە ساڵی ١٩٣٩ کۆلێژی شاهانەی پزیشکی تەواو کردووە. سێیەمین قوتابی هەولێر بووە، کە لەو کۆلێژە دەرچووە. لەنێوان ساڵانی ١٩٤٠-١٩٥٠ لە کۆلێژی پزیشکی بەغدا وانەبێژ بووە. لەنێوان ساڵانی ١٩٥٠-١٩٥٤ بەڕێوەبەری تەندروستی هەولێر بووە. لە ساڵی ١٩٩٥ کۆچی دوایی کردووە (الرباتی، ٢٠٠٤، ص١٤).

٦ -دکتۆر (عادل محەمەد دۆغرەمەچی)، لە ساڵی ١٩١١ لە هەولێر لەدایک بووە. لە ساڵی ١٩٣٩ کۆلێژی شاهانەی پزیشکی تەواو کردووە. یەکەمین دەرچووی پسپۆڕی پزیشکی هەناو بووە. دوای دەرچوونی ڕاستەوخۆ پەیوەندی بە سوپای عێراقییەوە کردووە و پلەی مولازمی یەکەمی پێدراوە. لە ساڵی ١٩٤٠

گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەڕپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەرەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق
بەرگی(٦) – ژمارە(١)، زستانی ٢٠٢١
ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

وەک پزیشک لە نەخۆشخانەی شاهانەی پزیشکی لە بەغدا دامەزراوە. لە ساڵی ١٩٨٨ کۆچی دوایی کردووە (الرباتی، ٢٠٠٤، ص ١٥-١٦).

٧ -دکتۆر (مەردان عەلی)، لە ساڵی ١٩٢٣ لە شاری کەرکوک لەدایک بووە. لە ساڵی ١٩٤٧ کۆلێژی پزیشکی لە بەغدا تەواو کردووە. لە ساڵی ١٩٥٤ بووەتە بەڕێوەبەری تەندروستی هەولێر. لە ساڵی ١٩٥٧ لە ئەمریکا بڕوانامەی ماستەری لە نەخۆشییەکانی سینگ بەدەستهێناوە. لە ساڵی ١٩٥٤-١٩٥٥ کارگێڕی تەندروستی لە هەولێر ڕێکخستووە. ڕۆڵێکی کارای لە نەهێشتنی پەتای ئاوڵە (جدری) دا هەبوو (الرباتی، ٢٠٠٤، ص ١٧-١٨،).

٨ -دکتۆر (خەیروڵڵا عەبد جاسم)، لە ساڵی ١٩٢٧ لە کۆیە لەدایک بووە. لە ساڵی ١٩٥٢ کۆلێژی شاهانەی پزیشکی تەواو کردووە. چەند ساڵێک وەک پزیشکێکی سەربازی لە بەشی تاقیگاکان/ شیکردنەوەی خوێن لە نەخۆشخانەی سەربازی کەرکوک کاری کردووە (الرباتی، ٢٠٠٤، ص٢٠).

٩ -دکتۆر (فەخری محەمەد ساڵح دەباغ)،لە ساڵی ١٩٢١ لە موسڵ لەدایک بوە. لە ساڵی ١٩٥٣ کۆلێژی پزیشکی لە بەغدا تەواو کردووە. لە ماوەی پەنجاکاندا لە کۆیە پزیشک بووە و خزمەتی شارەکەی کردووە. زمانی کوردی فێر بووە و زۆرێک لە پەند و قسەی نەستەقی کوردی لەبەر بووە (الرباتی، ٢٠٠٤، ص٢١-٢٢).

١٠ -دکتۆر (خالید ئیسماعیل عەلی دزەیی)، لە ساڵی ١٩٢٧ لە گوندی (شێخ شەروان) ی سەر بە ناحیەی قوشتەپە/ لیوای هەولێر لەدایک بووە. لە ساڵی ١٩٤٨ لە کۆلێژی پزیشکی زانکۆی ئیستەمبۆڵ وەرگیراوە و لە ساڵی ١٩٥٥ تەواوی کردووە. دوای تەواوکردنی خوێندنی گەڕاوەتەوە شاری هەولێر و وەک پزیشکی چاو لە شارەکەدا خزمەتی کردووە (الرباتی، ٢٠٠٤، ص25).

١١ -دکتۆر (عومەر ئیسماعیل دزەیی)، لە ساڵی ١٩٣٠  لە گوندی (شێخ شەروان) ی سەر بە ناحیەی قوشتەپە/ لیوای هەولێر لەدایک بووە. ساڵی ١٩٤٩ لە کۆلێژی شاهانەی پزیشکی وەرگیراوە و لە ساڵی ١٩٥٥ تەواوی کردووە، پسپۆری نەشتەرگەری گشتی بووە (الرباتی، ٢٠٠٤، ص٢٦).

١٢ -دکتۆر (محەمەد زیوەر شەریف یونس)، لە ساڵی ١٩٣٠ لە شاری هەولێر لەدایک بووە. لە ساڵی ١٩٤٩ لە کۆلێژی پزیشکی زانکۆی ئەنقەرەی وەرگیراوە و لە ساڵی ١٩٥٥ تەواوی کردووە، پسپۆری نەخۆشییەکانی هەناو بووە. لە ساڵی ١٩٥٧ لە نەخۆشخانەی ڕەواندز خزمەتی کردووە (الرباتی، ٢٠٠٤، ص٢٧).

١٣ -دکتۆر (یەحیا ئەمین محەمەد بەقال)، لە ساڵی ١٩٣٠ لە شاری هەولێر لەدایک بووە. لە ساڵی ١٩٤٩ لە کۆلێژی پزیشکی زانکۆی ئەستەمبۆڵ وەرگیراوە و لە ساڵی ١٩٥٥ تەواوی کردووە. دواتر لە نەخۆشخانەکانی هەولێر خزمەتی کردووە. لە ساڵی ١٩٧٤ ماڵئاوایی لە ژیان کردووە (الرباتی، ٢٠٠٤، ص٢٩)

١٤ -دکتۆر (عەبدولڕەزاق شەهابەدین دەباغ)، لە ساڵی ١٩٣٢ لە هەولێر لەدایک بووە. ساڵی ١٩٥٠ لە کۆلێژی شاهانەی پزیشکی وەرگیراوە و لە ساڵی ١٩٥٦ تەواوی کردووە و بڕوانامەی بەکالۆریۆسی لە پزیشکی و نەشتەرگەری گشتی بەدەستهێناوە. دوای دەرچوونی لە کۆلێژ گەڕاوەتەوە شاری هەولێر و وەک پزیشکێکی ناودار لە نەخۆشخانەکاندا خزمەتی شارەکەی کردووە ، ماوەیەك بەڕیوەبەری نەخۆشخانەی کۆماری بووە (الرباتی، ٢٠٠٤، ص٣١ ؛ بێخاڵی ، 1997، ل 248).

١٥ -دکتۆر (محەمەد حاجی شێخۆ)، لە ساڵی ١٩٣٢ لە هەولێر لەدایک بووە. لە ساڵی ١٩٥٠ لە کۆلێژی شاهانەی پزیشکی وەرگیراوە و لە ساڵی ١٩٥٦ تەواوی کردووە و بەکالۆریۆسی لە پزیشکی و نەشتەرگەری گشتی بەدەستهێناوە. لە ساڵی ١٩٧٣ کۆچی دوایی کردووە (الرباتی، ٢٠٠٤، ص٣٣)

١٦ -دکتۆر (تەحسین نورەدین محەمەد ئاغا ئەسعەدی)، لە ساڵی ١٩٣٥ لە هەولێر لەدایک بووە. لە ساڵی ١٩٥٠ لە کۆلێژی پزیشکی لە زانکۆی ئیستەمبۆڵ وەرگیراوە و لە ساڵی ١٩٥٧ تەواوی کردووە و پسپۆری نەخۆشییەکانی هەناو بووە. دوای تەواوکردنی زانکۆ گەڕاوەتەوە شاری هەولێر و لە نەخۆشخانەکاندا وەک پزیشک کاری کردووە. لە ساڵی ٢٠٠٢ ماڵئاوایی لە ژیان کردووە (الرباتی، ٢٠٠٤، ص٣٤).

١٧ -دکتۆرە (ئومییە مەحمود داود)، لە ساڵی ١٩٣٤ لە موسڵ لەدایک بووە. لە ساڵی ١٩٥١ لە کۆلێژی پزیشکی لە زانکۆی ئیستەمبۆڵ وەرگیراوە و لە ساڵی ١٩٥٨ تەواوی کردووە. دوای تەواو کردنی زانکۆ لە شاری هەولێر لە بواری نەخۆشی ئافرەتان و منداڵبوون خزمەتی کردووە (الرباتی، ٢٠٠٤، ص٣٥)

ئەو پزیشکانە بەگوێرەی توانای خۆیان هەوڵ و کۆششیان لەپێناو خزمەتکردنی میللەت و شارەکەیان بەخت کردووە، کە لەو کاتەدا دانیشتوانی لیوای هەولێر بەدەست چەندین نەخۆشییەوە ناڵاندوویانە، بۆیە پێویستییەکی زۆریان بە خزمەتی ئەوان هەبووە .

پزیشکانی ددانیش بەشێکی دیکەی پێکهاتەی لایەنی تەندروستی لیوای هەولێر بوون. بەگوێرەی سەرچاوەکان لە ساڵی ١٩٣٩ (حاجی خەلیل عەبدولەتیف مەولود ئەفەندی)، کە خەڵکی هەولێر بووە، یەکەمین کەس بووە بەشێوەی زانستی لە شاری هەولێر کاری پزیشکی ددانی کاری کردووە، ئەمەش دوای ئەوەی لەو ساڵەدا پەیمانگای پزیشکی ددانی لە بەغدا تەواو کردووە و دواتر گەڕاوەتەوە شارەکە و وەک یاریدەدەری پزیشکی ددان خزمەتی کردووە (الرباتی، ٢٠٠٤، ص ١٠٢؛ یارالی، ٢٠٠٨، ص٤٠).بەگوێرەی ئامارەکان لە ساڵی ١٩٥٨ تەنیا (١) پزیشکی ددان لە لیواکەدا هەبووە، ئەمە لە کۆی (١١٢) پزیشکی ددانی عێراق لەگەڵ (٣) ددانساز، کە کاری چارەسەر و دەرکردن و دانانی ددانیان کردووە. سەبارەت بە کارمەندانی دیکەی تەندروستی هەر لە هەمان ساڵدا (٣) پزیشکی دەرمانساز لە کۆی (٣٧٨) دەرمانسازی عێراق و (١) یاریدەدەری پزیشکی دەرمانساز لە کۆی (١٠٠) یاریدەدەری پزیشکی دەرمانسازی عێراق و (١٧) پەرەستار لە کۆی (٧٧٢) پەرەستاری عێراق و (٣٢) برینپێچ لە کۆی (١٠٨٢) برینپێچی عێراق و (٣) پزیشکی تیشک لە کۆی (١٠٩) پزیشکی تیشکی عێراق و (٣) چاودێری تەندروستی لە کۆی (٨٢) چاودێری تەندروستی عێراق و (٣٠) فەرمانبەری تەندروستی لە کۆی (٥٤٩) فەرمانبەری تەندروستی عێراق و (١) یاریدەدەری تاقیگە لە کۆی (١٢٧) یاریدەدەری تاقیگای عێراق لە لیواکەدا هەبووە (الجمهورية العراقية، ١٩٥٩، ص ٣٣١).

**تەوەرەی دووەم/ نەخۆشییە بڵاوەکانی لیوای هەولێر:**

لەسەردەمی پاشایەتیدا لە لیوای هەولێر هاوشیوەی زۆربەی لیواکانی دیکەی عێراق چەندین جۆر نەخۆشی بڵاوبۆتەوە ، بێگومان جۆرو رێژەی بلاوبونەوەکەی لە لیوایەك بۆ یوایەکی دیکە و لەسەردەمێك بۆ سەردەمیکی دیکە جیاواز بووە :

**أ- ئەو هۆکارانەی کاریگەرییان لەسەر لایەنی تەندروستی هەبووە :**

بارودۆخی سیاسی و ئابووری و کۆمەڵایەتی لیوای هەولێر لە ماوەی پاشایەتیدا ڕۆڵێکی کاریگەری لەسەر ڕەوشی تەندروستی لیواکە هەبووە. چونکە دیارە واقیعی تەندروستی هەر ناوچەیەک پەیوەستە بە هەڵکەوتەی سیاسی و ئابووری و کۆمەڵایەتی لە هەموو لایەکەوە، تەنانەت دەکرێت ڕەوشی تەندروستی بکرێتە پێوەرێک بۆ دیاریکردنی ئاستی ژیانی خەڵک و پێشکەوتوویی و دواکەوتوویی ناوچەیەک یا شارێک .

ناسەقامگیری سیاسی کاریگەری نەرێنی ڕاستەوخۆ لەسەر لایەنی تەندروستی لیواکە هەبووە، بەتایبەتی شەڕ و بەیەکدادانەکان کە لە ماوەی سییەکان و چلەکاندا لیواکە بەخۆیەوە بینیوە، لەوانەش شۆڕشی یەکەمی بارزان (١٩٣٠-١٩٣١) و شۆڕشی دووەمی بارزان (١٩٤٣-١٩٤٥) (دەربارەی هەردوو شۆڕشەکە بڕوانە: قفطان، ٢٠٠٣، ص٢٩-١٠٥؛ البارزانی، ٢٠٠٢، ص١٢٧-١٧٤).ئەمەش وایکردووە حکومەت هەموو بایەخی خۆی بخاتە سەر لایەنی سەربازی و کەرتی تەندروستی لە ناوچەکەدا فەرامۆش بکات. بارودۆخی ئابووری لیوای هەولێر لەو ماوەیەدا لە ئاستێکی دواکەوتوودا بووە، بۆیە نەتوانراوە بایەخی پێویست بە لایەنی تەندروستی بدرێت و پارەی پێویستی بۆ تەرخان بکرێت (خضر، ٢٠١٩، ل١١٧).ڕووداوەکانی جەنگی دووەمی جیهانی (١٩٣٩-١٩٤٥) بەشێوەیەکی ڕاستەوخۆ کاریگەرییان لەسەر بارودۆخی ئابووری لیواکە هەبووە. بەتایبەتی لەو ماوەیەدا بەهۆی خراپی بژێوی ژیان و گرانی نرخی دانەوێڵە، لە هەندێک ناوچەی لیواکە خەڵکی ناچار جۆرە نانێکیان خواردووە، کە لە بەڕوو

گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەڕپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەرەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق
بەرگی(٦) – ژمارە(١)، زستانی ٢٠٢١
ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

دروستکراوە، ئەمەش بووەتە مایەی تێکچوونی باری تەندروستیان و تووشبوونیان بە نەخۆشی (النحاس، ١٩٨٩، ص١٥٥؛ الحفو و البوتانی، ٢٠٠٨، ص٩١).

بارودۆخی کۆمەڵایەتیش بەشێوەیەکی ئاشکرا شوێنەواری خۆی لەسەر لایەنی تەندروستی شاری هەولێر بەجێهێشتووە، کە دەکرێت لە چەند لایەنێکەوە باسی لێوە بکرێت. لەوانەش کاریگەری ژینگە لەسەر ئاستی تەندروستی شارەکە. ئاشکرایە کۆمەڵگای کوردی لەنێویشیاندا شاری هەولێر لەو ماوەیەدا لە خێزانی ژمارەی زۆر پێکهاتووە، کە باوکان و کوڕەکان و نەوەکانی لەخۆگرتووە. لەڕووی نەخشەی خانووەکانەوە زۆربەیان بەشە کۆنەکانیان قەرەباڵغ بوونە و کۆڵانی تەسکی تێدا بووە. لەو ناوچە قەرەباڵغانە بنکەی تەندروستی و قوتابخانە یا دوکانی بچووک و شوێنی پیشەگەرەکانی تێدا بووە. خانووەکان بەیەکەوە نووساون و لەنێوانیاندا تەنیا چەند دەرچەیەکی تەسک هەبووە، کە ئاوی پیسی ماڵەکانی پێدا ڕۆیشتووە. دەربارەی پیسی و پۆخڵی ناو شەقام و کۆڵانەکانی شاری هەولێر گۆڤاری هەتاو لە ساڵی ١٩٥٧ لەو بارەیەوە دەنووسێت: "شاری هەولێر کە هەموو کۆڵانەکانی تەنگە و پڕ لە قوڕە ڕەشێکی بۆگەنە پیساوی عالەمی پێدا دەڕوا ئەوەی جارێک بۆنی بکات بە مانگێک نایەتەوە سەرخۆ. خۆ شەقامەکانی هەولێر هەمووی کەند و کۆسپە و گەڕەکی تەیراوە ٤٠ ساڵە دامەزراوە تا ئێستا چەوڕێژ و قیرەتاو نەکراوە و زستانان فیل لەناو قوڕی تەیراوەی ڕزگاری نایە. جۆگەڵە ئاوێکی پیسی بۆگەن کە بوو بە مایەی هەزاران جۆرە نەخۆشی منداڵان ژێر خاک نەکراوە.. هەموو شەقام و کۆڵانێک پڕن لە زبڵ" (هەتاو، ١٠ی ئابی ١٩٥٧، ل١٧).بۆیە ئەم ژینگەیە بەشێوەیەکی ڕاستەوخۆ کاریگەری لەسەر ژیانی دانیشتوان هەبووە و بووەتە مایەی تووشبوونیان بە چەندین نەخۆشی جۆراوجۆر، بەتایبەتیش نەخۆشی سیل (رشید، ٢٠١٠، ص٣٢-٣٣).

بوونی کەموکورتی لە خزمەتگوزارییە خۆپارێزییەکان ژینگەیەکی ناتەندروستی هێناوەتە کایەوە، بەتایبەتیش شارەوانییەکانی لیواکە هەم ژمارەیان کەم بووە و هەم توانایان سنووردار بووە و نەیانتوانیوە خزمەتی پێویست پێشکەش بە ناوچەکان بکەن. بەگوێرەی ئامارەکان لە ساڵی ١٩٥٣ تەنیا

گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەڕپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەرەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق
بەرگی(٦) – ژمارە(١)، زستانی ٢٠٢١
ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

(٧) شارەوانی لە سنووری لیواکەدا هەبووە، بەمەش لەدوای هەریەک لە کەربەلا (٤) شارەوانی و سلێمانی (٦) شارەوانی، کەمترین ژمارەی شارەوانی لەسەر ئاستی عێراقدا هەبووە. زۆربەی شارەوانییەکانیشی لە پلەی سێیەم و چوارەمدا بووە و خزمەتگوزاریان کەم بووە (الحكومة العراقية، ١٩٥٤، ص٩٩).لە گوندەکانیش نەبوونی ئاوی خاوێن لە هەندێک شوێندا نەبووە و ئاوی خواردنەوە لە ڕووبار و بیرەکانەوە دابینکراوە، کە پیس بووە و بووەتە هۆی بڵاوبوونەوەی نەخۆشییەکانی وەک کۆلێرا و تیفۆ و سکچوون. هەروەها بە دەگمەن لە گوندەکاندا تەوالێت و گەرماو هەبووە. بایەخ بە پاک و خاوێنی نەدراوە و سابوون زۆر بە کەمی بەکارهاتووە، ددان شووشتنیش شتێکی دەگمەن بووە لایان. لەگەڵ ئەمانەشدا خزمەتگوزاری تەندروستی لە گوندەکاندا زۆر بە کەمی هەبووە، بۆیە بڵاوبوونەوەی نەخۆشییەکان گیانی ژمارەیەکی زۆر لە جووتیار و گوندنشینەکانی دروێنە کردووە و ژمارەیەکی دیکەش بەهۆی نەخۆشییەوە نەیانتوانیوە بەردەوامی بە کشتوکاڵکردن و ئاژەڵداری بدەن (رشيد، ٢٠١٠، ص٤٣-٤٤).هەر لە چوارچێوەی لایەنی کۆمەڵایەتی، بڵاوبوونەوەی نەخوێندەواری و نەزانی و لاوازی ئاستی هۆشیاری تەندروستی، هۆکاری دیکە بوون بۆ خراپبوونی بواری تەندروستی و بڵاوبوونەوەی نەخۆشی لە لیواکەدا .

بەشێوەیەکی گشتی دواکەوتوویی سیستەمی تەندروستی عێراق و کەمی پزیشک و نەخۆشخانە و لاوازی هۆشیاری تەندروستی و تەرخان نەکردنی بەشی دارایی پێویست بۆ خزمەتگوزارییە تەندروستییەکان، هەروەها پیسبوونی ژینگە و بەدخۆراکی، لە گرنگترین هۆیەکانی خراپی ڕەوشی تەندروستی باشووری کوردستان لەنێویشیدا لیوای هەولێر لە سەردەمی پاشایەتی بوون (العبيدى، ٢٠١١،ص٢١؛ کاکەسور، ٢٠٠٧، ل١٢٨؛ دیرهاکوبیان، ١٩٨١، ص٥١)

**ب -پەتا و نەخۆشییە بڵاوەکان:**

لەسەردەمی پاشایەتیدا چەندین جۆری نەخۆشی لە هەولێردا بڵاوبووەتەوە، وەک نەخۆشییەکانی (مەلاریا و تەراخوما و سیل و خوریکە و گرانەتا) و چەندانی دیکە (الحكومة العراقية، ١٩٣٧، ص٣٧-٤٣؛

گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەڕپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەرەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق
بەرگی(٦) – ژمارە(١)، زستانی ٢٠٢١
ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

الجمهورية العراقية، ١٩٥٨، ص١٢٧؛ الجاوشلی، ١٩٨٥، ص٨١).مەلاریا بەدرێژایی ماوەی پاشایەتی لە عێراقدا لە پێشەوەی ئەو نەخۆشییانە بووە، کە بڵاوبوونەتەوە، لە لیوای هەولێریش بە هەمان شێوە یەکێک بووە لە نەخۆشییە باو و بڵاوەکان (هاملتن، ٢٠١٣، ل١٣٥)، بۆیە ساڵانە لە ئامارە فەرمییەکاندا ژمارەی تووشبوانی لیواکە بەو نەخۆشییە ئاماژەی پێکراوە. مەترسی نەخۆشییەکە زێتر لەوەدا بووە، کە جگە لەوەی دەبووە مایەی زیان گەیاندن بە خانەکانی مێشک و کەم خوێنی درێژخایەن و هەڵئاوسانی جگەر و لە کۆتاییشدا مردنی نەخۆشەکە، یەکێک لە هۆکارە سەرەکییەکانی کەمبوونەوەی منداڵبوون بوو، چونکە دەبووە مایەی نەزۆکی و منداڵ لەبەرچوون (رشید، ٢٠١٠، ص ٢٢٧).
بەگوێرەی ئامارەکان لە ماوەی سێزدە ساڵدا (١٩٢٣-١٩٣٥) ژمارەی ئەو کەسانەی لە لیوای هەولێردا تووشی نەخۆشی مەلاریا بوونە گەیشتووەتە (٥٠٨٩١) کەس لە کۆی (٢١٠٣٩٤٣) کەسی تووشبوی سەرتاسەری عێراق ، کە دەکاتە ڕێژەی (٢,٤%) ی کۆی تووشبوانی نەخۆشییەکە لە عێراقدا (الجمهورية العراقية، ١٩٣٧، ص٣٦).بێگومان ئەمەش ڕێژەیەکی کەم بووە بە بەراورد لەگەڵ لیواکانی دیکەی عێراق، بەڵام لە چلەکان و سەرەتای پەنجاکاندا نەخۆشییەکە بەشێوەیەکی بەربڵاو بڵاوبووەتەوە، هەرچەندە ئەمە تەنیا لە هەولێردا وانەبووە، بەڵکو لە تەواوی عێراقدا تەشەنەی سەندووە، بەڵام ڕێژەی تووشبوانی نەخۆشییەکە لە هەولێر لەسەر ئاستی عێراق زۆر زیادی کردووە، بەشێوەیەک لە ساڵی ١٩٥٠، (٣٧٣٠٥) کەسی تووشبوو لە هەولێردا تۆمارکراون لە کۆی (٥٣٧٢٨٦) ی تووشبوو لە سەرتاسەری عێراق (رشید، ٢٠١٠، ص٢٤١).واتە لیوای هەولێر ڕێژەی ٧% ی تووشبووانی عێراقی پێکهێناوە، ئەمەش دەرخەری ئەوەیە هەولێر لەڕووی تەندروستی و چارەسەری نەخۆشییەکە لەو ماوەیەدا کەمتر بایەخی پێدراوە و دەرمانی پێویست نەبووە، ئەمە سەرباری نەبوونی هۆشیاری تەندروستی پێویست. لەم بارەیەوە یەکێک لە دانیشتوانی لیوای هەولێر لەمیانەی خستنەڕووی نەخۆشییەکە لە ناوەڕاستی چلەکاندا دەڵێت: "خەڵکی بە گەرمای هاوین لەناو تووتنەکان بەزۆری ئاوی گەرمیان دەخواردەوە و نەخۆش دەکەوتن و تووشی (مەلاریا) دەبوون، کە نزیکەی ماوەی ٤٠ ڕۆژی دەخایاند تاکو چاک دەبوونەوە،

گۆڤاری قەڵای زانست

گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەڕپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەرەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق

بەرگی(٦) – ژمارە(١)، زستانی ٢٠٢١

ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

نەخۆشییەکەش بۆیە وا درێژەی دەدا، چونکە بەشی زۆریان نەدەچوونە خەستەخانە، یا حەبی مەلاریا زۆر کەم بوو لە خەستەخانە" (هەریری، ٢٠٠٩، ل٣٠).جگە لەمانە هۆکاری سەرەکی بڵاوبوونەوە و تەشەنەسەندنی نەخۆشییەکە بۆ ئاوی پیس و چەند جۆرە مێشوولەیەک دەگەڕایەوە بەناوەکانی (ئەنوفلس ستیڤنسای، سوپەر بکتس، کاروفی)، کە ئەمەی دواییان یەکێک لە مەترسیدارترین جۆرەکانی مێشووله بوو، هەڵگری مشەخۆری مەلاریا بووە (رشید، ٢٠١٠، ص٢٢٩).

لە کۆتایی پەنجاکان بەهۆی چارەسەرکردن و هەڵمەتی بنبڕکردنی مەلاریا لە عێراق ژمارەی توشبووان کەمی کردووە، بەتایبەتی دوای ئەوەی لە ساڵی ١٩٥٧ وەزارەتی تەندروستی عێراقی بە هاوکاری ڕێکخراوە تەندروستییە نێودەوڵەتییەکان هەڵمەتی بنبڕکردنی مەلاریای لە سەرتاسەری عێراقدا دەستپێکرد، کە زۆربەی شار و شارۆچکە و گوندەکان بە ماددەی دژە مەلاریا ڕشێندران (رشید، ٢٠١٠، ص٢٣٦-٢٣٨).بۆیە لەو ساڵەدا ژمارەی تووشبووان بۆ (٢٧٤٦) تووشبوو لە هەولێر کەمبووەتەوە، کە دەکاتە ڕێژەی (٢,٥%)ی سەرتاسەری عێراق (الجمهورية العراقية، ١٩٥٨، ص٣٣١).واتە لەماوەی نێوان ساڵی ١٩٥٠-١٩٥٧ نەخۆشییەکە لە لیوای هەولێر لەسەر ئاستی عێراقدا بە ڕێژەی (٤٥%) کەمی کردووە. بێگومان ئەو ئامارانەی ئاماژەیان پێدرا تەنیا ژمارەی ئەو نەخۆشانەن کە لە نەخۆشخانە و بنکە تەندروستییەکاندا تۆمارکراون، بۆیە ژمارەکە زۆر لەوە زیاتر بووە، چونکە چەندین نەخۆشی تر، بەتایبەتی لە گوندە دووردەستەکاندا، نەچوونەتە نەخۆشخانە و چارەسەریان وەرنەگرتووە .

سەبارەت بە تۆمارکردنی حاڵەتی مردن بەهۆی نەخۆشی مەلارياوە، بەگوێرەی ئامارە فەرمییەکان لە ساڵی ١٩٥٧ تەنیا (٤) نەخۆش مردوون، ئەمە لە کۆی (١٥٩) حاڵەتی تۆمارکردنی مردن لە سەرتاسەری لیواکەدا (الحكومة العراقية، ١٩٥٨، ص٣١٦).واتە ڕێژەی مردن بەهۆی نەخۆشییەکە لە لیواکەدا (٢,٥%) بووە .

تەراخوما نەخۆشییەکی دیکەی بڵاوی نێو لیوای هەولێر بوو لە سەردەمی پاشایەتیدا. بەشێوەیەکی گشتی نەخۆشییەکانی چاو لە ماوەی پاشایەتی لە عێراقدا بەشێوەیەکی بەرچاو هەبووە، تەنانەت

ڕێژەی تووشبووان بە نەخۆشییەکانی چاو لەو ماوەیەدا بە ڕێژەی (٦٥%)ی دانیشتوان دەخەمڵێنرێت. نەخۆشییەکە درێژخایەن بووە و پێڵوی چاوەکانی دەگرتەوە و زیپکەی گەورە و بچووکی لێ پەیدا دەبوو، چاوی تووشببووەکە ئاوی دەکرد و دەکزایەوە و دەخورا، نەیدەتوانی سەیری تیشکی خۆر و ڕووناکی بکات. لە هەندێک کاتدا دەبووە هۆکاری لەدەستدانی چاوەکان و کوێربوونی کەسەکە. تۆز و خۆڵ هۆکاری سەرەکی نەخۆشییەکەیە، مێشوولەش ڕۆڵی سەرەکی هەیە لە گواستنەوەی نەخۆشییەکە لە کەسێکی تووشبووەوە بۆ کەسێکی ساغ (مەریوانی، ٣١ی مارتی ١٩٥٧، ل٢؛ رشيد، ٢٠١٠، ص٢٥٩).

سەبارەت بە ژمارەی نەخۆشی تەراخوما بەگوێرەی ئامارەکان لە ماوەی پاشایەتیدا بەرزی و نزمی بەخۆیەوە بینیوە. وەک لەم خشتەیەی خوارەوەدا ڕوونکراوەتەوە :

خشتەی ژمارە ( 4)

ژمارەی تووشبووان بە تەراخوما لە لیوای هەولێر لەئاستی هەموو عێراق

(الحكومة العراقية، ١٩٣٧، ص٤١؛ الحكومة العراقية، ١٩٥٤، ص٢٤٣؛ الحكومة العراقية، ١٩٥٦، ص٣١٦؛ الحكومة العراقية، ١٩٥٨، ص٣٣١).

| ساڵ | ژمارەی توشبوانی هەولێر | ژمارەی تووشبوانی عێراق | ڕێژەی سەدی |
|---|---|---|---|
| ١٩٢٩ | ١١٧٣ | ٧٦٨٣٢ | ١,٥ |
| ١٩٣٥ | ٥٩٣٨ | ٢٧٤٨١١ | ٢,١ |
| ١٩٥١ | ١٠٩٢٤ | ٦٧٧٥٩٩ | ١,٦ |
| ١٩٥٥ | ٨٩٦٢ | ٤٠٦٥١٤ | ٢,٢ |
| ١٩٥٧ | ٤٢١١ | ٣٢٣٥٦٤ | ١,٣ |

وەک لە خشتەکەدا دەردەکەوێت لە ساڵی ١٩٢٩ تووشبووانی نەخۆشییەکە لە لیواکەدا ژمارەیەکی کەم بووە، بەڵام لە ساڵانی دواتردا بە ڕێژەیەکی زۆر زیادی کردووە، بەشێوەیەک لە ساڵی ١٩٣٥ بووەتە (٥٩٣٨) نەخۆش، واتە زیاتر لە پێنج هێندە زیادی کردووە. ڕێژەی (٢,١%)ی نەخۆشەکانی عێراقی

گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەڕپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەرەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق
بەرگی(٦) – ژمارە(١)، زستانی ٢٠٢١
ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

پێکهێناوە. لە ساڵی ١٩٥١ ژمارەکە زیاتر بووە و گەیشتووەتە (١٠٩٢٤) نەخۆش، واتە نزیکەی دوو هێندە، بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا لەسەر ئاستی عێراق رێژەکەی کەم بووەتەوە لە (٢,١%)ەوە بۆ (١,٦%)، هۆکارەکەشی ئەوەیە کە لە لیواکانی دیکە ژمارەی نەخۆشەکان زۆر زیاتر بووە لە لیوای هەولێر، بۆیە ژمارەی تووشبووانی سەر ئاستی عێراق زیادی کردووە. لە ساڵەکانی دواتردا ژمارەکە کەمتر بووەتەوە، بەشێوەیەک لە ساڵی ١٩٥٥ بووەتە (٨٩٦٢) نەخۆش، بەڵام بەرزترین ڕێژەی تووشبووانی بە بەراورد لەگەڵ ڕێژەی گشتی عێراق تۆمار کردووە، کە ڕێژەی (٢,٢%,)ە، هۆکارەکەش بۆ ئەوە دەگەڕێتەوە، کە ژمارەی تووشبووان لەو ساڵەدا لە لیواکانی دیکەی عێراق کەمتر بووەتەوە بە بەراورد لەگەڵ ژمارەی تووشبووانی لیوای هەولێر. لە ساڵی ١٩٥٧ ژمارەکە کەمبوونەوەی زێتری بەخۆیەوە بینیوە و بووەتە (٤٢١١) تووشبووو، ڕێژەکەشی لەسەر ئاستی عێراق بۆ (١,٣%) کەمبووەتەوە، کە ئەمەش کەمترین ڕێژە بووە لەو ماوەیەدا. ئەمەش ئاماژەیە بۆ چارەسەکردنی نەخۆشییەکە و پێدانی دەرمانی پێویست لەلایەن حکومەتەوە، هەروەها نیشانەی باشتربوونی ڕەوشی تەندروستی هەولێرە لە کۆتایی پەنجاکاندا .

نەخۆشی سیل یەکێکی دیکە لە نەخۆشییە بڵاوەکانی لیوای هەولێر بووە. نەخۆشییەکە بە نەخۆشییەکی کۆمەڵایەتی ناوبراوە، چونکە بەشێوەیەکی سەرەکی لەنێو گەڕەک و ناوچە هەژارنشین و قەرەباڵغەکاندا بڵاودەبێتەوە، بەتایبەتی لەناو شاردا. هۆکارەکانی ئەو نەخۆشییە زێتر دەگەڕێتەوە بۆ بەد خۆراکی و نیشتەجێبوون لە شوێنی ناتەندروست و قەرەباڵغ، کە هەواگۆڕکێی تێدا نییە و تیشکی خۆر ناچێتە ناویەوە. نەخۆشییەکە بە ئاسانی لە کەسێکەوە بۆ کەسێکی دیکە دەگوازرێتەوە، بەتایبەتی لە ڕێگەی پژمین و تف فڕێدان (رشید، ٢٠١٠، ص٢٦٢).جێگەی ئاماژە پێدانە بەهۆی مەترسییەکانی نەخۆشی سیل و لەپێناو نەهێشتنی لە ساڵی ١٩٤٤ لەلایەن ژمارەیەک پزیشک و کەسایەتی کۆمەڵەیەکی ئەهلی بەناوی (کۆمەڵەی لەناوبردنی سیل) لە عێراق دامەزرا، کە هەوڵی دروستکردنی نەخۆشخانەی تایبەت بە نەخۆشییەکە و هۆشیاری تەندروستی هاوڵاتیانی لە لیواکانی

ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

عێراق دەدا (الهلالی، ٢٠١٨، ص٤٧)،سەبارەت بە ژمارەی تووشبووانی سیل لە لیوای هەولێرو ساڵی ١٩٥٣ وەك نمونە بهێێنینەوە و بەراودری بکەین لەگەل چەند لیوایەکی عیراق :

خشتەی ژمارە (5)

ژمارەی تووشبوانی سیل لە لیوای هەولێر بەبەراورد لەگەڵ چەند لیوایەکی دیکەی عێراق (رشید، ٢٠١٠، ص٢٦٧)

| لیوا | هەولێر | دیوانیە | حیللە | کەرکوك | سلێمانی |
|---|---|---|---|---|---|
| ژمارە | ٩٧ | ٣٤٨ | ٣٥٤ | ٢٩٢ | ٣٩٥ |

ئەوەی لەم خشتەیە بۆمان دەردەکەوێ لیوای هەولێر لەم سالە لە زۆربەی لیواکان بارودۆخی باشتر بووە. بەڵام لە ساڵی ١٩٥٤ ژمارەی تووشبووانی لیوای هەولێر زیادی کردووە بۆ (٣٦٩) نەخۆش لە کۆی (١٤٨١١) نەخۆشی عێراق. واتە ڕێژەی لیوای هەولێر (٢,٤ %) ی عێراق بووە. لە ساڵی ١٩٥٥ ژمارەکە بووەتە (٤٢١) تووشبوو لە کۆی (١٣٠٣٤) تووشبووی سەرتاسەری عێڕاق. واتە ڕێژەی (%٣,٢)ی عێراق. لە ساڵی ١٩٥٨ ژمارەکە (٣٩٥) نەخۆش بووە، کە دەکاتە (%٣,٦) ی کۆی گشتی عێراق (رشید، ٢٠١٠، ص٢٦٧).بەمەش دەردەکەوێت ژمارەی نەخۆشەکان هەڵبەز و دابەزی کردووە، بەڵام بەشێوەیەکی گشتی لەیەکتری نزیک بوونە. لەلایەکی دیکە دەبێ ئەوەش لەبەرچاو بگرین، کە ئەو ژمارانە بارودۆخی ڕاستەقینەی تووشبووانی نەخۆشی سیل لە لیواکەدا دەرناخەن، چونکە ژمارەیەکی زۆر لە نەخۆشەکان، بەتایبەتی لەو شوێنانەی نەخۆشخانەی لێ نەبووە، ناویان تۆمار نەکراوە و چارەسەریان وەرنەگرتووە، بۆیە ژمارەی نەخۆشەکان زۆر لەوە زیاتر بووە، کە لە ئامارەکاندا ئاماژەیان پێدەکرێت. سەبارەت بە تۆمارکردنی حاڵەتی مردن بەهۆی نەخۆشییەکەوە، بەگوێرەی ئامارە فەرمییەکان لە ساڵی ١٩٥٧ کۆی مردووانی لیوای هەولێر (١٥٩) کەس بووە، تەنیا (٨) کەس بە نەخۆشی سیل مردوون، واتە ڕێژەی مردن بە نەخۆشییەکە لە لیواکەدا (%٥) بووە (الحکومة العراقیة، ١٩٥٨، ص٣١٦).

گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەڕپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەرەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق
بەرگی(٦) – ژمارە(١)، زستانی ٢٠٢١
ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

نەخۆشی خوریکە (ئاوڵە) یەکێکی دیکە لە نەخۆشییە بڵاوەکانی لیوای هەولێر بوو. ڤایرۆسی ئاوڵە لەکاتی پژمین لە لووت و دەمەوە بڵاودەبێتەوە. لە هەندێک حاڵەتی دەگمەنیشدا لە ڕێگەی بەکارهێنانی جلوبەرگ و ڕایەخی کەسی تووشبووەوە بڵاودەبێتەوە. ئەم نەخۆشییە لە ڕێگەی وڵاتانی دراوسێوە بەشێوەی دوو شەپۆل بۆ لیوای هەولێر گوازراوەتەوە، شەپۆلی یەکەم لە ناوەڕاستی سییەکان بوو، کە بەگوێرەی ئامارە فەرمییەکان لە ساڵی ١٩٣٤ زۆرترین ژمارەی تووشبووان لەسەر ئاستی عێراق لە لیوای هەولێر تۆمار کراوە، بەشێوەیەک لەکۆی (٢٣٢) تووشبوو (١٠٦) نەخۆش لە لیواکە بووە (الحکومة العراقیة، ١٩٣٧، ص٣٠)، کە دەکاتە ڕێژەی (٤٥,٦%).نەخۆشەکان لە خانووێکی نزیک منارە لە شاری هەولێر کەرەنتینە کراون، ڕۆژانە خواردەمەنی و خزمەتگوزاریان لە نەخۆشخانەی پاشایەتی هەولێرەوە بۆ هاتووە (الرباتی، ٢٠٠٤، ص١٠٩).شەپۆلی دووەمی نەخۆشییەکە لە ساڵی ١٩٥٦ بوو، کە ڕووبەری بڵاوبوونەوە و مەترسییەکانی زێتر بوو. لەو شەپۆلەدا نەخۆشییەکە لە ڕێگەی هۆزە کوردییە کۆچەرەکانی نێوان عێراق و ئێرانەوە سەریهەڵدا. یەکەمین تووشبووی نەخۆشییەکەش لە حوزەیرانی ١٩٥٦ لە لیوای هەولێردا دەرکەوت (رشید، ٢٠١٠، ص٢٧٢-٢٧٣).بەتایبەتی لەنێو بەشێک لە گەڕەکەکانی شاردا تەشەنەی سەند، لەوبارەیەوە لە ساڵی ١٩٥٦ لە گۆڤارێکی نێو شاری هەولێردا ئاماژە بە بڵاوبوونەوەی نەخۆشییەکە کراوە و تێیدا هاتووە: "هەروەکو ئێستاکە نەخۆشی خوریکە لە شاری هەولێردا لە گەڕەکی تەیراوە و لە دێی عەنکاوە دا بڵاوبۆتەوە و زۆر کەسیش تووشی ئەم نەخۆشیە بوون" (هەتاو، ٢٠ی تشرینی یەکەمی ١٩٥٦، ل٤).بەرپرسانی تەندروستی عێراق هەوڵیاندا لە ڕێگەی کەرەنتینەکردنی کەسە تووشبووەکانەوە، لەوانەش لە لیوای هەولێر، ڕێگری لە بڵاوبوونەوەی نەخۆشییەکە بکەن، بەڵام هەوڵەکان بەپێی پێویست نەبوون و سەرکەوتوو نەبوون. بەتایبەتی دانیشتوانی گوندەکان هاوکاری لایەنی تەندروستی نەبوون لە ئاشکراکردنی تووشبووەکان، چونکە لەوە دەترسان کەسە تووشبووەکان لە ماڵەوە دووربخرێنەوە و کەرەنتینە بکرێن (رشید، ٢٠١٠، ص٢٧٢-

٢٧٤؛ دفتر و حسن، ١٩٥٨، ص٥٣٧).یا هەندێک جار خەڵکی بایەخیان بە کوتان لەدژی نەخۆشییەکە نەداوە و پێیان وابووە زیان بە جەستەیان دەگەیەنێت .

کەمتەرخەمی و خەمساردی بەرپرسانی تەندروستی لە ئاست تەشەنەسەندنی نەخۆشییەکە لە لیوای هەولێر بووەتە مایەی ڕەخنەی ئەندامانی ئەنجوومەنی نوێنەرانی عێراق. لەو چوارچێوەیەدا (عەبدولمەجید قەساب)ی نوێنەری بەغدا لە دانیشتنی ٢٥ی شوباتی ١٩٥٧ ی ئەنجوومەنی نوێنەران ڕەخنە ئاراستەی حکومەت دەکات و دەڵێت: "ئەگەر نەخۆشی خوریکە لە هەولێر سنووردار بکرابووایە و هەموو هەوڵ و کۆششێک بۆ لەناوبردنی بدرایە، هەولێریش بخرایەتە چوارچێوەی کەرەنتینە کردن، بەشێوەیەک بەبێ کوتان کەس بۆی نەبووایە بچێتە ناوی، ئەو کاتە دەمانتوانی نەخۆشییەکە سنووردار بکەین" (محاضر جلسات، ص١٨٨).

جگە لەو نەخۆشییانەی باسکران، چەندین نەخۆشی دیکە ناوچەکانی لیوای هەولێریان لە ماوەی لێکۆڵینەوەکەدا گرتووەتەوە و لە ئامارەکاندا ناویان هاتووە، بەڵام کاریگەری و ژمارەی تووشبووانیان کەمتر بووە. لەوانەش نەخۆشی گرانەتا، کە لە ساڵی ١٩٢٩ ژمارەی تووشبووان (٢٤) کەس بووە لە کۆی (٤٥٢) نەخۆشی عێراق. واتە لیواکە ڕێژەی (%٥,٣)ی تووشبووانی عێراقی پێکهێناوە. لە ساڵی ١٩٣٥ ژمارەی تووشبووان زیادی کردووە بۆ (١٤٢)، ئەمە لە کۆی (٨١١) تووشبووی عێراق (الحكومة العراقية، ١٩٣٧، ص٢٩).واتە لیواکە ڕێژەی (١٧,٥)ی عێراقی پێکهێناوە. ئەمەش ڕێژەیەکی یەکجار زۆر بووە. یەکێکی دیکە لە نەخۆشییەکانی دیکە نەخۆشی بەلهارزیا بوو، کە لە ساڵی ١٩٢٧ ژمارەی تووشبووان (١١٥) و لە ساڵی ١٩٣٥ (٤٥) نەخۆش بووە (الحكومة العراقية، ١٩٣٧، ص٤٣).لە ماوەی پەنجاکاندا ژمارەیەکی کەم تۆمارکراوە بەشێوەیەک لە ساڵی ١٩٥١ ژمارەی تووشبووان لە لیواکەدا (١٣) نەخۆش و لە ساڵی ١٩٥٧ (١٤) نەخۆش بووە (الحكومة العراقية، ١٩٥٤، ێ٢٤٤؛ الحكومة العراقية، ١٩٥٨، ص٣٢٩).بەشێک لە نەخۆشییە فەرەنگییەکان (الامراض الزهريه)یش لە لیوای هەولێردا هەبووە، وەک نەخۆشی (سیفیلس)، کە لە ساڵی ١٩٢٩ ژمارەی تووشبووان لە لیواکەدا (١٨٢) نەخۆش و لە ساڵی ١٩٣٥

ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

بووەتە (١٨٠) نەخۆش، کە ڕێژەی (٠،٤%) ی کۆی گشتی تووشبووەکانی عێراقی پێکهێناوە. هەروەها نەخۆشی سیلان، کە لە ساڵی ١٩٢٩ ژمارەی تووشبووان بەو نەخۆشییە لە لیواکەدا (٥٠) نەخۆش و لە ساڵی ١٩٣٥ گەیشتووەتە (٧٠) نەخۆش و ڕێژەی (٠,٤%) ی کۆی گشتی تووشبووەکانی عێراقی پێکهێناوە (الحكومة العراقية، ١٩٣٧، ص٤١).

**ج -نەخۆشییەکانی منداڵان:**

لەماوەی لێکۆڵینەوەکەدا منداڵانی لیوای هەولێر بەدەست چەندین نەخۆشی جیاجیاوە ناڵاندوویانە، بەهۆی نەبوونی پزیشک و نەخۆشخانە و دەرمانی پێویستیش ژمارەیەکی زۆریان مردوون. لەو نەخۆشیانەش وەک: (سۆریکە، سکچوون و ڕشانەوە، گوێ ڕەپە، کۆخە ڕەشە، ملە خڕێ).نەخۆشی سۆریکە (سوورێژە) نەخۆشییەکی بڵاو بووە لەنێو منداڵاندا، بەتایبەتی لە هەردوو وەرزی زستان و بەهاردا بڵاودەبووەوە. بەگوێرەی سەرچاوەیەک ڕێژەی (٩٥%)ی منداڵانی خوار تەمەنی (١٥) ساڵی لە سەرتاسەری عێراقدا تووشی ئەم نەخۆشییە بوونە (رشيد، ٢٠١٠، ص٢٨٢).بەگوێرەی ئامارە فەرمییەکان لە ساڵی ١٩٣١ دا لیوای هەولێر (١٤٠) حاڵەتی سۆریکەی تێدا تۆمار کراوە، ئەمەش لە کۆی (١١٩٧) حاڵەتی سەرتاسەری عێراق، بەمەش لیواکە ڕێژەی (١١,٦%)ی کۆچی گشتی تووشبووانی نەخۆشییەکەی لە عێراقدا پێکهێناوە (الحكومة العراقية، ١٩٣٧، ص٢٨).بێگومان ژمارەی نەخۆشەکان زۆر لەوە زیاتر بووە، چونکە ئەم ژمارانە تەنیا هی ناو شار و بەشێک لە ناوەندی قەزاکانە، ژمارەیەکی زۆر لە منداڵانی گوندەکان تووشبوونە و نەچوونەتە نەخۆشخانە و ناویان تۆمار نەکراوە. لەوبارەیەوە هاوچەرخێکی ئەو سەردەمە ئاماژە بەوە دەکات، کە لە هەندێک گوندی ناوچەی قەزای کۆیە زیاتر لە سەدا نەوەدی منداڵان تووشی نەخۆشی سۆریکە بوونە و جاری وا هەبووە لە گوندێک لە یەک ڕۆژدا سێ تا چوار منداڵ بەهۆیەوە مردوون (نادر، ٦/٨/ ٢٠٢٠).

سکچوون و ڕشانەوەی منداڵان، بەتایبەتی شیرەخۆرەکان، نەخۆشییەکی باو بووە لە لیوای هەولێر. هۆکاری نەخۆشییەکە زیاتر دەگەڕێتەوە بۆ سەرمابوونی منداڵ یا هەوکردنی گەرو و ئاڵووەکان یا

گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەڕپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەرەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق
بەرگی(٦) – ژمارە(١)، زستانی ٢٠٢١
ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

هەوکردنی سەختی سپڵ. ڕۆژانە منداڵەکە (١٥-٢٠) جار سکی دەچێت و دەڕشێتەوە، بەهۆی زۆر ڕشانەوە و ژانە سکیش منداڵەکە لاواز دەبێت و وشک دەبێتەوە و هەناسەی سست دەبێت و چاوی قووڵ دەبێت، کۆئەندامی هەرسی هەو دەکات. بۆ چارەسەری نەخۆشییەکەش بەر لە هەموو شتێک دەبوو منداڵەکە هیچ جۆرە خواردنێکی پێ نەدرێت، تەنیا ئاو و شەکراو و ماست و چای پێ بدرێت، لەنێو پێخەفێکی گەرمدا پارێزگاری لێ بکرێت، لە حاڵەتی بوونی تادا دەبوو بە پارچە پەڕۆیەکی تەڕ لەشی سارد بکرێتەوە (هەتاو " گۆڤار "، ٢٠ی مایسی ١٩٥٥، ل١٣-١٤؛ هەتاو " گۆڤار "، ١٠ی حوزەیرانی ١٩٥٧، ل٦).نەخۆشی گوێ ڕەپە، نەخۆشییەکی بڵاوبووە و زێتر منداڵانی تەمەنی نێوان (٥-١٥) ساڵانە تووشی دەبوون، بەتایبەتی لەنێو قوتابیاندا. لە هەموو وەرزێکدا سەرهەڵدەدات. هەر کەسێک یەک جار تووشی بێت جارێکی تر نایگرێتەوە. منداڵی تووشبوو لوو (غدە)ی پێش گوێی و بنی گوێی لەلایەک یا لە هەردوولا ئەستوور دەبێت و ژانە سەر دەیگرێت و دەڕشێتەوە، لەبەر ئازار منداڵەکە ناتوانێت سەری بجووڵێنێت. مەترسی نەخۆشییەکە لەوەدابوو دەبووە هۆی نەزۆکی لای کوڕان و هەوکردنی پەنکریاس (هەتاو " گۆڤار "، ٣١ی مارتی ١٩٥٥، ل١٧).بەگوێرەی ئامارەکان لە ساڵی ١٩٣٥ دا (٨٥) حاڵەتی نەخۆشییەکە لە عێراقدا تۆمارکراوە، کە (٨) حاڵەتیان لە لیوای هەولێردا بووە (الحكومة العراقية، ١٩٣٧، ص٢٩).واتە ڕێژەی (٩,٤%)ی نەخۆشییەکە لە لیواکەدا بووە .

کۆخە ڕەشەش نەخۆشییەکی زستانییە و زێتر منداڵان تووشی دەبوون، نەخۆشییەکە بە کۆخەی ئاسایی دەست پێدەکات، کە بەهۆی سەرماوە منداڵەکە تووشی دەبێت، لەکاتی نوستنی شەوانەدا کۆخەکە توندتر دەبێت. ڕەنگی ڕوخساری منداڵەکە شین هەڵدەگەڕێت و ڕۆژ بە ڕۆژ کۆخەکەی زیاد دەبێت. لە هەندێک کاتدا منداڵەکە تووشی ڕشانەوە دەبێت. لە ڕێگەی کۆخە و پژمینەوە نەخۆشییەکە دەگوازرایەوە، بەتایبەتی لە قوتابخانەکاندا بە ئاسانی بڵاوبووەتەوە (هەتاو " گۆڤار "، ٢٠ی شوباتی ١٩٥٥، ل٢٢).بەپێی ئامارە فەرمییەکان لە ساڵی ١٩٣٤ ژمارەی تووشبووانی ئەم نەخۆشییە لە لیوای هەولێردا (٤٣٤) منداڵ لە کۆی گشتی (٣٦٠١)ی سەرتاسەری عێراق بووە (الحكومة العراقية، ١٩٣٧،

گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەڕپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەڕەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق
بەرگی(٦) – ژمارە(١)، زستانی ٢٠٢١
ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

ص٢٨).واتە تووشبووانی لیواکە ڕێژەی (١٢%)ی کۆی گشتی عێراقیان پێکهێناوە. هەرچەندە ژمارەیەکی کەمی نەخۆشییەکە تۆمار کراوە، بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا ڕێژەکە لەسەر ئاستی عێراق زۆر بووە. نەخۆشی ملە خڕێ (گەروە خڕە)ش نەخۆشییەکی مەترسیداری دیکەی منداڵان بوو، کە لە هەردوو وەرزی پایزو و زستاندا بڵاوبووەتەوە، لە ئەنجامی کۆخە و پژمین و بەکاربردنی کەلوپەلی تووشبووان و نەکوڵانی باشی شیرەوە منداڵان تووشی نەخۆشییەکە بوون. لە حاڵەتی چارەسەرنەکردنی خێرادا منداڵەکە مەترسی خنکان و مەرگی لەسەر بووە (هەتاو " گۆڤار "، ٢٨ی شوباتی ١٩٥٥، ل١٦).نەخۆشییەکە لەنێو قوتابیانی قوتابخانەکانی هەولێردا بەشێوەیەکی بەربڵاو تەشەنەی سەندووە (الامل، مایس ١٩٥٦، ی٩).بەگوێرەی ئامارەکان لەساڵی ١٩٣٠ ژمارەی تووشبووان لە لیوای هەولێر بەم نەخۆشییە (٣٧٢) منداڵ لە کۆی گشتی (١٦٠٨)ی نەخۆشی عێراق بووە (الحکومة العراقیة، ١٩٣٧، ص٢٨).واتە ڕێژەی تووشبووانی لیواکە لەسەر ئاستی عێراق (٢٣,١%) بووە، بێگومان ئەمەش ڕێژەیەکی یەکجار زۆر بووە. بۆ ڕێگریکردن لە تووشبوونی منداڵان بەو نەخۆشییانە لە ساڵی ١٩٥٥ لە نەخۆشخانەکانی هەولێر و کۆیە و ڕەواندز و ڕانیە و مەخمور و شەقڵاوە، لە مانگی کانوونی دووەمدا هەڵمەتی کوتان لەدژی ئەو نەخۆشییانە بەڕێوە چووە، کە دەبوو منداڵان لە تەمەنی شەش مانگی و دوو ساڵیدا بکوترێن (هەتاو، ١٠ی کانوونی دووەمی ١٩٥٥، ل١٧).

لە ئەنجامی بڵاوبوونەوەی ئەو نەخۆشییانەوە مردنی منداڵان لە لیوای هەولێردا ڕێژەکەی زۆر بووە. بێگومان ڕێژەی بەرزی مردنی منداڵانیش لە هەر شوێنێک نیشانەی خراپی دۆخی تەندروستی ئەو ناوچەیە. لەو بارەیەوە هاوچەرخێکی ئەو سەردەمەی لیوای هەولێر دەنووسێت: "ڕێژەی مردنی منداڵان بەرزە. ئیبراهیم ئەو پیاوەی کە بە تەمەنە، باوکی حەڤدە منداڵ بووە، چواردەیان مردوون" (هەی، ٢٠١٠، ل٤٧؛چنارانی، ٢٠١٥، ل٣٩).

).زۆربەی هەرە زۆری حاڵەتی مردنی منداڵانیش لە نەخۆشخانەکاندا تۆمارنەکراوە، بەتایبەتی لە گوندەکاندا، هەروەها تەنیا مردنی ئەو منداڵانە تۆمارکراون، کە تەمەنیان لە خوار یەک ساڵیدا بووە،

گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەڕپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەرەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق
بەرگی(٦) – ژمارە(١)، زستانی ٢٠٢١
ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

بۆیە لە ئامارە فەرمییەکاندا ژمارەیەکی کەم لە حاڵەتی مردن تۆمارکراوە. بۆ نموونە بەگوێرەی ئاماری ساڵی ١٩٥٥ ژمارەی منداڵانی مردوو لە لیواکەدا (٣٢) منداڵ بووە، ئەمە لە کۆی (٣٤٢) حاڵەتی تۆمارکراوی مردن لە لیواکەدا. واتە ڕێژەی مردنی منداڵان (٩،٣%) بووە. هەروەها هەر لە هەمان ساڵدا (١٨٠٢) منداڵ لە لیواکەدا لەدایکبووە (الحكومة العراقية، ١٩٥٦، ص٢٢٢).واتە ڕێژەی مردن بە بەراورد لەگەڵ لەدایکبوون (١،٧%) بووە. دیارە ئەم ڕێژەیە کەمە، بەڵام وەک پێشتر ئاماژەی پێدرا، ڕێژەی مردنی منداڵان زۆر لەوە زیاتر بووە و لە ئامارەکاندا تۆمارنەکراوە.

یەکێک لە گرفتە تەندروستییە گەورەکانی منداڵانی لیوای هەولێر لەو ماوەیەدا نەبوونی نەخۆشخانەیەکی تایبەت بوو بە لەدایکبوون و منداڵان، ژنان لە ماڵەوە لەڕێگەی مامانەکانەوە منداڵیان دەبوو، کە زۆر جار ئەو مامانە شارەزاییان نەبووە و بووەتە هۆی مردنی منداڵەکە. بۆیە لە ساڵی ١٩٥٣ لەسەر ئەرکی کۆمەڵێک دەوڵەمەند و بازرگان و کەسایەتی هەولێر لەوانەش: (ئەحمەد چەلەبی، عەتەڵڵا حاجی ڕەشید ئاغا، ئەحمەد حەمەدەمین ئاغا دزەیی، حاجی جەمیل حاجی سادق، شەریف حاجی مەحمود جامباز، خدر ئەحمەد پاشا، بایز ئاغا جەمیل ئاغا، نافیع ئاغا حاجی ڕەشید ئاغا)، نەخۆشخانەیەک بەناوی (نەخۆشخانەی منداڵبوون و لەدایکبوون) لە شاری هەولێر دروستکراوە (هەولێر، ٣١/ئازار/ ١٩٥٣؛ هەولێر، ٧/ نیسان/ ١٩٥٣؛ هەولێر، ١٥/ نیسان/ ١٩٥٣).هەروەها لە ساڵی ١٩٥٥ ژمارەیەک لە پزیشک و پارێزەر و کەسایەتی هەولێر کۆمەڵەیەکی خۆبەخشیان لەژێر ناوی (کۆمەڵەی پاراستنی منداڵان) دامەزراند. ئامانجی کۆمەڵەکە بایەخدان بوو بە تەندروستی منداڵان و پاراستنیان لە نەخۆشی و دابینکردنی خۆراک و جلوبەرگ بووە بۆیان (هەتاو، ١٩٥٥، ل١٤).

**ئەنجامەکان:**

1 -دامەزراوە تەندروستییەکانی وەک نەخۆشخانە و بنکە تەندروستی و دەرمانخانەکان بە بەراورد لەگەڵ لیوا و ناوچەکانی دیکەی عێراق درەنگتر لە لیوای هەولێر دەرکەوتوون. ئەمەش کاریگەری نەرێنی لەسەر لایەنی تەندروستی لیواکە هەبووە.

2 -لەڕووی چەندێتی و چۆنییەتییەوە دامەزراوە تەندروستییەکانی لیوای هەولێر دواکەوتوو بوون و بەگوێرەی پێداویستی و ژمارەی دانیشتوانەکەی نەبوون. بۆ نموونە لە ساڵی ١٩٥٨ نەخۆشخانەکانی لیواکە (١٥٠) قەرەوێڵەی خەواندنی نەخۆشی تێدا بووە، کە ئەمەش کەمترین ژمارە بووە لەسەر ئاستی عێراقدا. هەروەها ئەو خزمەتانەی دامەزراوە تەندروستییەکان پێشکەشیان کردووە هەموو ناوچەکانی لیواکەی نەگرتووەتەوە، بەتایبەتی زۆربەی هەرە زۆری گوندەکان لەخزمەتگوزاری تەندروستی بێبەش بوون.

3 -کەسایەتی و دانیشتوانی لیوای هەولێر وەک ئەرکێکی مرۆڤانە و بەشێوەیەکی خۆبەخشانە پشکداریان لە چالاکییە پزیشکییەکانی لیواکەدا کردووە. ئەمەش لەڕێگەی فەراهەمکردنی خزمەتگوزارییە تەندروستییەکان. وەک دروستکردنی نەخۆشخانەی لەدایکبوون و منداڵان لە ساڵی ١٩٥٣ و دامەزراندنی (کۆمەڵەی پاراستنی منداڵان) لە ساڵی ١٩٥٥.

4 -ژمارەی پزیشک و کارمەندانی تەندروستی لە لیوای هەولێر بەڕادەیەکی زۆر کەم بووە. بەشێوەیەک تا کۆتایی سەردەمی پاشایەتی تەنیا (٢١) پزیشکی لێ بووە. لە بەرامبەریشدا ژمارەی دانیشتوانی زۆر بووە، بەشێوەیەک هەر پزیشکێک لە بەرامبەر نزیکەی (١٣٠٠٠) کەس هەبووە.

5 -پزیشکانی موسڵ و پزیشکانی هەولێری دەرچووی کۆلێژی شاهانەی پزیشکی لە بەغدا، بەشێوەیەکی دڵسۆزانە کاریان کردووە و خزمەتێکی گەورەیان بە دانیشتوانی لیواکە کردووە. لەوانەش: (د. سەلیم خەیات، د. ڕەشید زەکەریا، د. عوسمان ئەحمەد تەها عوزێری، د. ڕەفیق تاهیر چەلەبی، د. مەردان عەلی، د. عەبدولڕەزاق دەباغ).

6 -لەماوەی لێکۆڵینەوەکەدا نەخۆشییەکانی (مەلاریا و تەراخوما و سیل و خوریکە)، لە باوترین و مەترسیدارترین نەخۆشییەکانی لیوای هەولێر بووە. بەشێوەیەک ساڵانە هەزاران کەس تووشیان بووە و ژمارەیەکیش بەهۆیانەوە مردوون .

7 -لە ماوەی لێکۆڵینەوەکەدا منداڵانی لیوای هەولێر ڕووبەڕووی چەندین جۆری نەخۆشی بوونەتەوە. بەتایبەتی نەخۆشییەکانی: (سۆریکە و سکچوون و ڕشانەوە و گویَ ڕەپە و کۆخە ڕەشە).بەهۆی نەبوونی خزمەتگوزاری تەندروستی پێویستیش، بەتایبەتی لە گوندەکاندا، ژمارەیەکی زۆریان مردوون.

8 -بەشێک لەو ئامارە فەرمییانەی کە بارودۆخی تەندروستی لیوای هەولێریان خستووەتەڕوو، زانیاری دروستیان تێدا نییە، بەتایبەتی لەبارەی ژمارەی نەخۆش و مردووەکانەوە، چونکە بەشێکی زۆر لە حاڵەتەکان بەتایبەتی لە گوند و شوێنە دووردەستەکان ژینگەی شار و شێوەی ژیانی کومەلایەتی دانیشتوان هاوکار بوو بو زوربوونی رێژەی نەخوشی.

## لیستی سەرچاوەکان:

١-بڵاوکراوە حکومییەکان:

-الحكومة العراقية، وزارة المالية، مديرية التجارة (١٩٣٧)، المجموعة الاحصائية السنوية١٩٢٩-١٩٣٠-١٩٣٥-١٩٣٦ الماليه، مطبعة الحكومه، بغداد.

-الحكومة العراقية، وزارة الإقتصاد، الدائرة الرئيسية للإحصاء (١٩٥٤)، المجموعة الاحصائية السنويةالعامه ١٩٥٣، مطبعة الزهراء، بغداد.

-الحكومة العراقية، وزارة الاقتصاد، الدائرة الرئيسية للاحصاء (١٩٥٦)، المجموعة الاحصائية السنويةالعامة ١٩٥٥، مطبعة الزهراء، بغداد.

-الجمهورية العراقية، وزارة الاقتصاد، الدائرة الرئيسية للاحصاء (١٩٥٧)، المجموعة الاحصائية السنويةالعامة ١٩٥٦، مطبعة الزهراء، بغداد.

-الجمهورية العراقية، وزارة الاقتصاد، الدائرة الرئيسية للاحصاء (١٩٥٨)، المجموعة الاحصائية السنويةالعامه ١٩٥٧، مطبعة الزهراء، بغداد.

-الجمهورية العراقية، وزارة الاقتصاد، الدائرة الرئيسية للاحصاء (١٩٥٩)، المجموعة الاحصائية السنويةالعامه ١٩٥٨، مطبعة الزهراء، بغداد.

-محاضرات جلسات مجلس النواب، الاجتماع الاعتيادي لسنة ١٩٥٦-١٩٥٧، محضر الجلسة العاشرة فی ٢٥ شباط ١٩٥٧ .

٢ -کارنامە ئەکادیمییەکان:

گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەڕپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەڕەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق
بەرگی(٦) – ژمارە(١)، زستانی ٢٠٢١
ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

-خضر، فتاح بهرام (٢٠١٩)، بارودۆخی ئابووری شاری هەولێر لە سەردەمی پاشایەتیدا (١٩٢١-١٩٥٨) لێکۆڵینەوەیەکی مێژووییە، تێزی دکتۆرا (بڵاونەکراوە)، زانکۆی سەڵاحەدین-هەولێر، کۆلێژی ئاداب.

٣ -کتێبەکان:

أ/ کتێبەکان بە زمانی کوردی:

- بێخاڵی ، سەید مەولود ( 1997) هەولێرم وا دیوە و بیستووە، ب٣، چاپخانەی وەزارەتی پەروەردە، هەولێر.

- بێخاڵی، سەید مەولود (٢٠٠٥)، هەولێرم وا دیوە و بیستووە، ب٣، چاپخانەی وەزارەتی پەروەردە، هەولێر

-جامباز و بەرزنجی، تاریق و نەژاد (٢٠٠٦)، ئاماری دانیشتوانی قەڵاتی هەولێر ١٩٢٢، چاپخانەی بینایی، سلێمانی .

-چاوشلی، هادی رشید (١٩٨٧)، هەولێر لەگەڵ کاروانەی فەلەک، چاپخانەی الجاحظ، بغداد .

-چنارانی، عەباس (٢٠١٥)، کەلەپوری کوردەواری، چ٢، هەولێر.

-چیچۆ و قادر، تەحسین و شێرزاد (١٩٨٥)، هەولێر لە یادی سەد ساڵەی دامەزراندنی شارەوانی هەولێردا ١٨٨٥-١٩٨٥، چاپخانەی علاء، بەغدا.

-دەرگەڵەیی، یوسف ئەحمەد (٢٠٠٢)، مێژووی شاری هەولێر لە کۆنەوە تا ساڵانی شەست، دەزگای چاپ و پەخشی سەردەم، سلێمانی.

-عەبدولقادر، نەهرۆ محەمەد (٢٠١٤)، هەولێر لەنێوان ساڵانی (١٩١٨-١٩٢٦) دا، خانەی موکریانی بۆ چاپ و بڵاوکردنەوە، هەولێر .

-قادر، مەهدی محەمەد (٢٠١٣)، هەولێر لە ساڵانی ١٩٢٦-١٩٣٩، چاپخانەی حاجی هاشم، هەولێر.

-مەلای ڕەش، عەزیزی (٢٠١٢)، خورجەیەک لە فۆلکلۆری دەشتی هەولێر و چەند واریقات و بابەتی دیکە، چاپخانەی حاجی هاشم، هەولێر.

-هاملتن، ا.م (٢٠١٣)، ڕێگایەک بە کوردستاندا، وەرگێڕانی: د. عەلی عەبدولڕەحمان عەسکەری، خانەی موکریانی بۆ چاپ و بڵاوکردنەوە، هەولێر.

-هەریری، نەجمەدین مامۆ (٢٠٠٩)، بیرەوەرییەکانی نەجمەدین مامۆ هەریری، پێداچوونەوەی: سلێمان شێخ محەمەد، ب١، چاپخانەی ڕۆژهەڵات، هەولێر.

-هەی، دبلیۆ ئاڕ (٢٠١٠)، دوو ساڵ لە کوردستان، وەرگێڕانی: لوقمان باپیر، دەزگای چاپ و بڵاوکردنەوەی ڕۆژهەڵات، هەولێر.

ب/ کتێبەکان بە زمانی عەرەبی:

-البارزانی، عزیز حسن (٢٠٠٢)، الحركة القومية الكوردية التحررية في كوردستان العراق ١٩٣٩- ١٩٤٥، دار سپیرێز للطباعة والنشر، مطبعه وزارة التربیة، أربیل.

-الجاوشلی، هادی رشید (١٩٨٥)، تراث أربيل التاريخی، مطبعة جامعة الموصل، الموصل.
الحفو، غانم محمد و البوتاني، عبدالفتاح (٢٠٠٨)، الكورد والاحداث الوطنية في العراق خلال العهد الملكی ١٩٢١-١٩٥٨، دار الزمان للطباعة والنشر والتوزيع، دمشق.
-دفتر ، محمد هادی و حسن ،عبدالله ، (١٩٥٨)، العراق الشمالی، مطبوعات النهار، د.م.
-ديرهاكوبيان، موسيس (١٩٨١)، حالة العراق الصحية في نصف قرن، دار الرشيد للنشر، بغداد.
-الرباتی، ابراهيم طاهر معروف (٢٠٠٤)، معجم الاطباء محافظه أربيل/ ، مطبعة تربية أربيل، أربيل.
-رسول، اسماعيل شكر (٢٠٠٥)، أربيل/ دراسة تأريخيه في دورها الفكری والسياسی ١٩٣٩-١٩٥٨، مطبعة بينايی، السليمانيه.
-رشيد، حيدر حميد (٢٠١٠)، الاوضاع الصحية في العراق ١٩٤٥-١٩٥٨/ دراسة في التاريخ الاجتماعي للعراق المعاصر، ط٢، رند للطباعه والنشر والتوزيع، دمشق.
-العبيدی، سلام فواز (٢٠١١)، تطور الواقع الصحی والتنمية الاجتماعية والبيئية في محافظة دهوک ١٩٩١-٢٠٠٩ معطيات-مقارنات-افاق، تقديم ومراجعة: د. عبدالفتاح علی البوتانی، مطبعة جامعه دهوک، دهوک.
-قفطان، كاوس (٢٠٠٣)، الإنتفاضات البارزانية/ صفحات من تأريخ الحركة التحررية الكردية في النصف الاول من القرن العشرين، ط٢، دار اراس للطباعة والنشر،مطبعة وزارة التربية، اربيل.
-النحاس، زهير علی احمد (١٩٨٩)، التموين في العراق ١٩٣٩- ١٩٤٨، رسالة ماجستير غير منشوره، كليه الاداب، جامعة الموصل.
-الهلالی، عبدالرزاق (٢٠١٨)، معجم العراق، ج٢، دار الرافدين للطباعة والنشر والتوزيع، بيروت.
-يارالی، برهان (٢٠٠٨) نظرة الی أربيل بين الامس واليوم، مطبعة اربخا، كركوک.
٤ -وتار و لێکۆڵینەوەکان:
ا/ بە زمانی کوردی:
-چەخماخچی، پەرژین سادق (هاوینی ١٩٩٩)، ئەو هۆکارە کۆمەڵایەتییانەی کار لە ئامادەکردنی نەخشە بنەڕەتییەکانی شاری هەولێر دەکەن، هەولێر (گۆڤار)، ژ (٣).
-کاکەسور، محمد عبدالله (٢٠٠٧)، بارودۆخی تەندروستی لە کوردستانی عێراق (١٩٢١-١٩٥٨)، زانکۆ (گۆڤاری زانستە مرۆڤایەتییەکانی زانکۆی سەلاحەدین-هەولێر)، ژ (٢٩).
-مەریوانی، دکتۆر ت.ب (٣١ی مارتی ١٩٥٧)، نەخۆشییەکانی چاو/ تراخوما، هەتاو (گۆڤار)، ژ (٩٢)، ساڵی سێیەم.
-محەمەد، خەلیل ئیسماعیل (هاوینی ١٩٩٩)، گۆڕینی نەخشەی ئیداری پارێزگای هەولێر لە ماوەی نیو سەدەدا، هەولێر (گۆڤار)، هەولێر، ژ (٣).

- مستەفا ، عبدالرزاق محەمەد ( 2009) مێژووی تەندروستی لە هەولێر ، ئینسکۆپیدیای هەولێر ، ب (6).
--موفتی، عوسمان (بەهاری ١٩٩٩)، ژیانی کۆمەڵایەتی قەڵای هەولێر لە سەدەی بیستەمدا، هەولێر (گۆڤار)، ژ (٢).
٥ -گۆڤار و ڕۆژنامەکان:
أ/ بە زمانی کوردی:
-هەتاو (گۆڤار)، ٢٠ی شوباتی ١٩٥٥ ژ (٢٢)، ساڵی یەکەم.
-هەتاو (گۆڤار)، ٢٨ی شوباتی ١٩٥٥، ژ (٢٣)، ساڵی یەکەم.
-هەتاو (گۆڤار)، ٣١ی مارتی ١٩٥٥، ژ (٢٦)، ساڵی یەکەم .
-هەتاو (گۆڤار)، ٢٠ی مایسی ١٩٥٥ژ (٣١)، ساڵی دووەم.
-هەتاو (گۆڤار)، ٢٠ی تشرینی یەکەمی ١٩٥٦، ژ (٧٦)، ساڵی سێیەم.
-هەتاو (گۆڤار)، ١٠ی ئابی ١٩٥٧، ژ (١٠٤)، ساڵی چوارەم.
- هەتاو (گۆڤار)، ١٠ی حوزەیرانی ١٩٥٧، ژ (٩٩)، ساڵی چوارەم.
-هەولێر (ڕۆژنامە)، ٣١ی ئازاری ١٩٥٣، ژ (١١٣)
-هەولێر (ڕۆژنامە)، ٧ی نیسانی ١٩٥٣، ژ (١١٤)
-هەولێر (ڕۆژنامە)، ١٥ی نیسانی ١٩٥٣، ژ (١١٥)
ب/ بە زمانی عەرەبی:
-الامل (مجلة)، مايس ١٩٥٦، ع (٢)، السنه الاولى.
**٦ -دیدارەکان:**
-نادر،هەمین میکائیل (٢٦/ ٧/ ٢٠١٧)، هەولێر-کەسنەزان. نێوبراو لە ساڵی ١٩٣٣ لە گوندی گۆمەتاڵ لە قەزای کۆیە سەر بە لیوای هەولێر لەدایک بووە، لە تەمەنی منداڵیدا یەکێک بووە لەوانەی کە تووشی نەخۆشی سۆریکە بووە و دواتر چاکبووەتەوە. لە ١/١٠/ ٢٠٢٠ کۆچی دوایی کردووە

## Liwa Erbil Health Situation in Hashemite Monarchy Era (1921-1958)

**D.Burhan Hatam Othman**
Department of History, College of Arts, Salahaddin University, Erbil, Kurdistan Region, Iraq
Burhan.othman@su.edu.krd

گۆڤاری قەڵای زانست

گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەرپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەرەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق

بەرگی(٦) – ژمارە(١)، زستانی ٢٠٢١

ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

**D.Fatah Bahram khdir**

Department of History, College of Arts, Salahaddin University, Erbil, Kurdistan Region, Iraq

fatah.khdir@su.edu.krd

## Abstract

The health situation of each areas and city for each specific time of its history could be a criterion to know how health development of this area was. Erbil Liwa during Royal era was very bad situation. Lack of health service and spreading terrifying diseases were among the conspicuous figure of this era.

This research consists of tow axes, first axes spotlight on Medical establishments, doctors, and nurses. In this axe also deals state and number of hospitals, medical centers, pharmacies, Doctors, nurses by comparing other Iraqi Liwa. The third axes mention the common diseases in Erbil Liwa of this era.

**Keywords**: *Erbil, health, sick, Doctors, hospital*

# الأوضاع الصحية ليواء أربيل فى فترة حكم الملكى ( 1921-1958)

**خلاصة**

الوضح الصحى لوواء أربيل في العهد الملكي حالة سيئة للغاية. كان الافتقار إلى الخدمة الصحية وانتشار الأمراض المرعبة من بين الشخصيات البارزة في هذا العصر.

يتكون هذا البحث من مجموعة محاور ، منها تسلط الضوء على المؤسسات الطبية والأطباء والممرضات. ومن المحور الاخير تتناول على حالة وعدد المستشفيات والمراكز الطبية والصيدليات والأطباء والممرضات من خلال مقارنة اللواء العراقي الآخر. المحاور الثالثة تذكر الامراض الشائعة في اربيل ليوا في هذا العصر.

**الكلمات المفتاحية**: أربيل ، الصحة ، المريض ، الدكتور ، المستشفى.